# سەرەتایەك بۆ
# فەلسەفەی
# ئاین

# سەرەتایەك بۆ
# فەلسەفەی
# ئاین

ئازاد قەزاز

هەولێر - 2010

پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین
و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

7

ناوی کتێب: **سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی ئاین**

نووسینی: **ئازاد قەزاز**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **هەردی زیاد صالح (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **هاوڕێ ساڵح**

هەڵەگری: **شەهلا وەلی جەبار**

بەرگ: **وریا بوداغی**

هەڵەچنی لەسەر کۆمپیوتەر: **کاوە حسین**

ژمارەی سپاردن: **(492)**

تیراژ: **(1000) دانە**

چاپی یەکەم: **(2010)**

نرخ: **(1000) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**

# پێڕست


پێڕست ........ 5
1. چەند پرسیارێکی گرنگ ........ 7
2. سەرەتا ........ 9
3. گرنگی ئەم بابەتە ........ 10


## بەشی یەکەم


4. وتەیەکی پێویست ........ 13
5. ئاین لە نێوەندی هزری مرۆڤایەتیدا ........ 17
6. ئەفسانەگەرایی (میتۆلۆژیا) ........ 20
7. فەلسەفەی ئاین چیە؟ ........ 22
8. فەلسەفەی ئاین وەك میتۆدێکی شیکاری ........ 24
9. دیاردەی ئاین ........ 26
10. جیهانبینی سێکیۆلاریسم و دیاردەی ئاین ........ 37


## بەشی دووەم


11. مرۆڤ و دیاردەی ئاین ........ 41
12. فینۆمینۆلۆژیای ئاین ........ 44
13. ئەقلگەری و ئاینگەری ........ 46





14. ئەبستمۆلۆژیا و ئاین ........ 48
15. ئاین و کولتوور ........ 58
16. ئاین وەك ئەزمون و مانا بۆ ژیان ........ 67
17. سیکۆلاریسم، مۆدەرنە و دەسەڵات ........ 69
18. دەرەنجام ........ 76
سەرچاوەکان: ........ 78

## 1. چەند پرسیارێکی گرنگ

لەوەتەی مرۆڤی ئاقڵمەند لە مێژوودا سەریهەڵداوە، ئاینیش دیاردەیەکە هاوشانی ئەم مرۆڤەیە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە: بۆ دەبێت مرۆڤ هەڵگری ئەم کاراکتەرەبێت؟ لەو پرسیارەش گرنگتر بۆ ئێمە ئەوەیە بە چ دیاردەیەك دەگوترێت ئاین؟ چۆن ئاین وەك دیاردە بناسینەوە؟ بۆ پرسیارەکەی ئێمە گرنگ نیە، ئاخۆ ئەو ئاینە چ جۆرە ئاینێکە، لەکوێوە یان لە چیەوە سەریهەڵداوە، بۆ پرسیارەکەی ئێمە دیسانەوە ئەوەش گرنگ نیە ئایا ئەو ئاینە سادەیە، وەك ئاینی ناو تیرەو هۆزەکانی پێش مێژوو، یان ئەو ئاینە ئاڵۆزە، وەك ئاینەکانی پاش مێژوو، کە بەرهەمهێنەری کتێبی پیرۆز و یاسا و دەستور و شەریعەتی فرەڕەهەندن.

پاشان، لەوەتی ئاین لەناو مرۆڤایەتیدا بەدیارکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەی ئارامی و ئاسودەیی رۆحیە بۆ مرۆڤی تاك، کەچی لەهەمانکاتدا سەرچاوەی ئاشوب و ئاژاوە و جەنگیشە بۆ کۆمەڵگە. چەندە ئاین بانگەشەی ئاشتی دەکات، هێندەش شەڕ دەنێتەوە. باشە مرۆڤ کە ئەم رووداوانە بەچاوی خۆی دەبینێت، ئەدی بۆچی هەر دەست بەئاینەوە دەگرێت و ناتوانێ دەستبەرداری بێت؟ ئاخۆ ئاین چی بەمرۆڤ ببەخشێت وا مرۆڤ بەم شێوەیە شەیدای بووە؟ بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ پەرستگا، باهەرچەندە ئەو پەرستگایە سادەو گچکە بێت، لە مێژوودا نابینینەوە؟

ئاخۆ ئاین خودایەك دەینێرێت یان مرۆڤ دایدەمەزرێنێت؟ ئاخۆ ئاین کۆمەڵێك سرووت و چەند جوڵەیەکی جەستەییە یان ئەزمونێکی رۆحی مرۆییە؟ زانست دەتوانێت ددان بەو ئەزمونە ئاینیەدا بنێت، یان بەتەنها چالاکیە



دەرەکیەکانی وەك سرووت، لەناو دیاردەی ئایندا دەخوێنێتەوە؟ ئاخۆ زانست بە چ جۆرە میتۆدێك دەیەوێت دیاردەی ئاین بخوێنێتەوە؟ ئەگەر خوێندیەوە، هەقی خۆی لەو خوێندنەوەیەدا دەدات؟ ئاخۆ ئاین هەر ئەو چالاکیە دەرەکیانە بێت، یان ئەزمونێکیتریش کە نادیارە، لەپشتیەوە بێت؟ ئەگەر زانستی تاقیگەیی نەتوانێ ئەو ئەزمونە رۆحیەی مرۆڤ بخوێنێتەوە، دەبێت چ میتۆدێکی دی هەبێت، بتوانێ ئەو ئەزمونەمان بۆ پێناسە بکات و بیناسێتەوە؟

ئەو میتۆدەیەی دەتوانێت دیاردەی ئاین بەگشتی لەناو مرۆڤایەتیدا بخوێنێتەوە، دەبێت گرنگترین بنەمای زانستی کە بابەتیبوونە لەکاتی توێژینەوەدا، لەدەست نەدات. ئەو رێبازە زانستیەی ئەم ئەرکە زانستیە ئەنجام دەدات، رێبازێکی فەلسەفیە بەناوی فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەناسی). لەم باسەدا کۆشش دەکەین کە فینۆمینۆلۆژیا بناسێنین و لەهەمانکاتدا دیاردەی ئاین لەسەر ئەو بنەمایانەی فینۆمینۆلۆژیا دەیخوازێت، بخوێنینەوە. فینۆمینۆلۆژیا رێبازێکی فەلسەفیە بۆ خوێندنەوەی دیاردەکان بەکاردەهێنرێت. ئێمەش لێرەدا کە دەمانەوێت دیاردەی ئاین بخوێنینەوە، ئەم خوێندنەوەیەمان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی فەلسەفەی ئاینەوە. فەلسەفەی ئاین تێدەکۆشێت کە ئاین وەك دیاردەیەك بابەتیانە بخوێنێتەوە. گشت ئاینەکان بەیەکچاوی یەکسان لەڕووی دیاردەگەراییەوە دەبینێت. نەك لەچاوی ئاینێکیترەوە، بەڵکو بەپێوەرێکی زانستی بێلایەن گشت ئاینەکان دەخاتە ناو یەك دیاردەوە. ئێمەش هەوڵدەدەین بەگوێرەی توانا چمکێك لە فەلسەفەی ئاین لێرەدا بخەینە روو. هەوڵیشدەدەین هەندێك لەو کێشەو پرسیارانەی لە پێشەوە وروژاندمان، وەڵامدەینەوە. چونکە وەڵامدانەوەی گشت ئەو پرسیارانە، لە باسێکی لەم چەشنەدا، جێگای نابێتەوە.

## 2. سەرەتا

لە راستیدا فەلسەفەی ئاین بۆخوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ئاین لەمڕۆکەدا نەك هەر بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ جیهانی ئیسلامیش بە گشتی کارێکی سەختە، لە کاتێکدا گرنگترین توخم و بنەمای فەلسەفەی ئاین خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیە بۆ دیاردەی ئاین.

خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئاین، دیاردەیەکی سێکۆلاریسمە و هێشتا جیهانی ئیسلامی لێیڕانەهاتووە. چونکە فەلسەفەی ئاین نایەوێت ئاینەکان لە دیدی ئاینێکی تایبەتەوە بخوێنرێنەوە یان تیشکیان بخرێنە سەر، بۆیە سانا نیە چ بۆ جیهانی ئیسلامی بەگشتی و چ بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەتی، ئەم فەلسەفەیە بتوانێ لە مڕۆکەدا پێگەی خۆی لەم کۆمەڵگەیەدا قایم بکات. نەك هەر فەلسەفەی ئاین بەڵکو بەشەکانیتری فەلسەفەش، نەیانتوانیوە تاوەکو هەنوکەش بەجدی لەم وڵاتانەدا جێگای خۆیان بکەنەوە.

فەلسەفەی ئاین، بەدیارخستنی حیکمەتی بۆچوونەکانی ئاین نیە، هەروەك هەندێك بەهەڵە لێیتێگەشتون. فەلسەفەی ئاین خوێندنەوەی دیاردەی ئاینە، واتە گشت ئاینێك. بەبارێکیتردا فەلسەفەی ئاین خوێندنەوەی مرۆڤە، واتە مرۆڤێك کە هەڵگری کاراکتەرێکی ئاینییە، دەنا وەك فەیلەسوف و زانایان دەڵێن، مرۆڤ بۆ هێندە شەیدای بوونی ئاینە، گەر لەناخەوە ئەو توخمەی هەڵنەگرتبێت. لەوەتی مرۆڤ هەیە و لەو ساتەوە مرۆڤ لەخودی خۆی و بوونەوەر هوشیاربۆتەوە، ئاینیش بەگشت جۆرەکانیەوە پەیدابوونە. کەواتە فەلسەفەی ئاین دەیەوێت لەکۆی گشت ئەو ئاینانە، چەند بنەما و بنەڕەتێك یان بەواتایەکیتر ئەزمونێك ببینێتەوە کە دەشێ ئاین خۆی لەسەر دامەزراندبێت.



بەبارێکیتردا خوێندنەوەی دیاردەی ئاین، خوێندنەوەی دیاردەی مرۆڤایەتیە و ناسینەوەی مرۆڤ خۆیەتی. ئاتاجی مرۆڤ خۆیەتی ئاین دەخوڵقێنێت وەك هەندێك فەیلەسوف دەڵێن، یان خوڵقاندنی خودایەکە لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە کە لە مرۆڤ خۆی دەچێت، هەروەك هەندێك فەیلەسوفی دی بۆیدەچن. بۆیە دەڵێین کە ئایınناسی، مرۆڤناسیشی لەپشتەوەیە. بێگومان نەك هەر فەلسەفە، بەڵکو سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیاش گەیشتونەتە ئەو بۆچوونەی کە ئایınناسی بەشێکە لە مرۆڤناسی. لەم پەڕتوکەدا هەوڵدەدەین چەمکێکی ئەو گفتگۆیانەی نێوان ئەو زانا و فەیلەسوفانە سەبارەت بە هۆو چاوگی سەرهەڵدانی ئاین ئەنجامیانداوە، بخەینەڕوو، لە هەمانکاتیشدا تێدەکۆشین تا لە دیدی زانست و فەلسەفەوە پێگەی ئاین لە نێوەندی مەعریفەدا بناسینەوە.

## 3. گرنگی ئەم بابەتە

وروژاندنی بابەتەکانی فەلسەفەی ئاین و بەتایبەتیش بۆ ئیمڕۆکەی جیهانی ئیسلامی، تابڵێی گرنگە، چونکە:

**یەکەم:** فەلسەفەی ئاین، مرۆڤ لە خودی کاراکتەری ئاینی خۆی، هوشیاردەکاتەوە، کە ئەم هوشیاربوونەوەیە بەردەبازی گۆڕانکاری و گەشەسەندن و کامڵبوونی مرۆڤایەتیە.

**دووەم:** گۆشەنیگای دیتنی مرۆڤ لە تاك ئاینییەوە بۆ فرەئاینی دەگوێزێتەوە، کە ئەم جۆرە دیتنەش بەردی بناغەی دیموکراسی و عیلمانیەتە و لەمڕۆدا بۆ جیهانی ئیسلامی بە گشتی و بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەتی، تا بڵێی گرنگە.

**سێیەم:** لەم رێگەیەوە مرۆڤ لە مێژووی خۆی هوشیاردەبێتەوە. هوشیاربوونەوەی مێژوویی گرنگیەکەی لەوەدایە، کە لەلایەکەوە باوانی خۆت

دەناسیتەوە و لەلایەکیتریشەوە شوێنەواری باوان لە خۆتا دەدۆزیەوە، ڕەنگە لەمڕۆدا هەندێك لەو بۆماوەییانەی باوان، زیان بەخۆت و کۆمەڵگەش بگەیێنێت، بۆیە ناچاردەبیت بیگۆڕیت، نەك هەر لەسەری بەردەوام بیت. ئەمەشیان دەروازەیەکی پڕبایەخە لە خۆتا دەیخەیتە سەرگازی پشت، تا دەستت بگاتە خۆت و دەسکاری ناخی خۆت بکەیت و خودی خۆت بەرەو ئاقارێکی باشتر بەریت، نەوەك هەروەك کۆیلە بە دەستی باوانتەوە گیربخۆیت. چونکە لە ڕۆحی هەریەکێکماندا بەئاگا و بێئاگا، بەهەست و بەنەست باوان کاری خۆیان دەکەن و ئاراستەمان دەکەن.

**چوارەم:** گرنگی فەلسەفەی ئاین ئەوەیە، بەراوردکردنی ئاین و هەڵێنجانی پنتە هاوبەشەکانی ئاینە جۆراوجۆرەکان، وامان لێدەکات لە مرۆڤەکانیتریش بگەین و بیانناسین. واتە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ئێمە و ئەوان لەبەرهەمهێنانی دیاردەی ئاین، لە یەکدی دەچین. چۆن ئەو توخمانەی لە نێوەندی ئاینەکانی لەمەڕ خۆماندا هەن، لە نێوەندی ئاینەکانی ئەوانیتریشدا دەبینینەوە، ئیدی هێندە نە ڕقمان لە یەکدی دەبێت و نەیەکتریش بە چاوێکی سوك سەیر دەکەین. لەوە تێدەگەین کە ئێمەی مرۆڤ چەندە لەوەدا لەیەکدی دەچین کە مرۆڤ پێویستی بەوەبووە ئاین وەك میتۆدێکی گرنگی ژیان، بخوڵقێنێت.

ئومێدەوارین ئەم پەرتوکە لە ناسینی ئاین و دیاردەی ئاین، ناسینی مرۆڤ و کاراکتەری ئاین لە مرۆڤدا، بەشدارییەکی بەرچاو بکات. هەروەها ببێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی کورد ئامادەبکات، تا بەچاوێکی کراوە لە دیاردەی ئاین و ئاینەکانی دی، بڕوانێت. هەروەها خوێندکارانی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین بەرەو ئاستێکی هوشیاری بەرزتر بەرێت. چونکە خوێندکارانی بەشی



فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین یەکێك بوون لەو پاڵنەرانەی تا ئەم پەرتوکە ڕووناکی ببینێت.

جا بۆئەوەی نەتەوەی کوردیش بتوانێت زانستیانە و بابەتیانە لەم بوارەدا بەشداربێت، بە پێویستمان زانی ئەم نامیلکە گچکەیە بخەینە بەردەستی خوێنەری کورد. لەم نامیلکەیەدا سەرەتا گرنگی بە فەلسەفەی ئاین دەدەین و کۆششدەکەین لە ئایندەدا پەرتوکی تر سەبارەت بە زانستەکانی دیکەی وەك سایکۆلۆژیای ئاین، سۆسیۆلۆژیای ئاین و ئەنترۆپۆلۆژیای ئاین و تیۆلۆژیاش بنووسین.

# بەشی یەکەم

## 4. وتەیەکی پێویست

توێژینەوە سەبارەت بە ئـاین و پـشکنینی دیـاردەی ئـاین لـە نـاو مێـژوودا، بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن پسپۆڕانەوە، کراوە بـە دوو بەشـی سـەرەکیەوە: پـێش مێژوو و پاش مێژوو. مەبەست لە پێش مێژوو، ئەو سەردەمانەیە کە مرۆڤ هێشتا نەیتوانیوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە. واتە ئەو سەردەمانەی پێش داهاتنی نووسـین دەگرێتەوە کە ماوەکەی بە نزیکەی دوو تا سـێ ملیـۆن سـاڵ خـەملێنراوە. پـاش مێژوو، ئەو سەردەمە دەگرێتەوە یان لەو سەردەمەوە دەست پێدەکات کـە نزیکـەی بە سێ هەزارساڵ پێش زاین خەملێنراوە. واتە لەو کاتەوەبووە کە نووسین پەیدا بووە و مـرۆڤ توانیویـەتی مێـژووی خـۆی بنووسـێتەوە. نووسـینەوەی مێـژوو لەلایـەن مرۆڤەوە، رۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی دیاردەی ئایندا گێڕاوە.

لەو ماوەیەدا، کە نووسین هێـشتا سـەریهەڵنەدابوو، ئـاین دەمـاودەم، بـە گێڕانەوە و لە رێگەی گەیانـدنی بـاوەڕ و بـەجێهێنانی سـرووتەوە، گەشـتۆتەوە بەنەوەکانیتر. لەدەوروبەری سێ هەزار ساڵ پ.ز، کە لە میسر، میزۆپۆتامیـا و رۆژهەڵاتی نزیك، مێژووی نووسین سـەریهەڵداوە، بـە سـەردەمی پـاش مێـژوو دەناسـرێت. لەوکاتـەوە نووسـینەوەی ئـەو ئاینانـەو بنـەماکانی لـە دووتـوێی پەرتوکدا پارێزراوە و کاریگەرییـەکی زۆری لـە نـەوەکانی داهـاتوودا کـردووە، تەنانـەت پەیـدابوونی کتـێبی پـیرۆز و بـەناوی خـوداوە لـەو نووسـینەوەیەوە سەریهەڵداوە. مرۆڤ لەوکاتەدا لە شاردا دەژیا و دەسەڵاتێکی سیاسـی ناوەنـدی



خۆی دامەزراند بوو، ئابووریەکی پتەویان پێکهێنابوو، چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاوازیش، بەهۆی کاریگەری ئاینەوە، پەیدابوو بوو. ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانـە، فۆرم و ستراکتۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەمجۆرەی خوارەوەی وەرگرتبوو:

1. پاشایەکی پیرۆز
2. پیاوانی ئاینی
3. سرووتی ئاینی
4. پەرستگا
5. شوێنی قوربانی
6. خودایەکی باڵا یان چەند خودایەکی گچکە، لەژێر فەرمانی خودایەکی باڵادا بوون.

گومان لەوەدا نیە کە ناسینەوەی دیاردەی ئاین لە پـێش مێـژوو، سـەختەو مرۆڤ ناتوانێ بەوردی سیماکانی دیاریبکات، وەلێ بەگشتی لە نێوان ئاینەکانی پـێش نووسـین و ئاینـەکانی پـاش نووسـین جیاوازیـەکی بنـەڕەتی و جـۆرەکی بەدیدەکرێت، بۆنمونە:

- ئاین پێش مێژوو گرنگی بە ئەفسانە و سرووت داوە.
- ئاین پاش مێژوو گرنگی بە دامەزراندنی بیروباوەڕێکی ئاڵۆز داوە.
- ئاین پێش مێـژوو گروپـی گـچکەی خولقانـدووەو مـرۆڤ لـە دەوری راوچـی، جوتیارو خۆراك کۆکەرەوە، کۆبۆتەوە.
- ئاین پاش مێژوو شارستانیەتی وەك ژیـاری میـسر، میزۆپۆتامیـاو چینی خولقاندووە.

جا لەبەرئەوەی ئاین دیاردەیەکی زۆر گرنگی ناو مێژووی مرۆڤایەتیە و ئـەو بەهاو گرنگیەی نەك هەنوکە لەدەست نەداوە، بەڵکو بایەخ پێدانی لەناو زانایان و فەیلەسوفانی رۆژئاوادا برەوی زێدەتری لە جاران پەیداکردۆتەوە، بۆیە ئێمـەش دەبێ بەگرنگی بزانین و لەبواری فەلسەفەدا بایەخ بە دیاردەی ئاین و ناسینەوەی

تۆخم و بنەماكانی ئاین بدرێتەوە. ئەوەش كە لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە لێكۆڵینەوە لە دیاردەی ئاین و بنەماكانی ئاین و سەرچاوەكانی سەرهەڵدانی ئاین، لەلایەن پسپۆڕانەوە و وەڵامدانەوەكانی پرسی ئەو بوارە، وەڵامێكە تەنها بۆچوونە و وەك دوا وەڵام و كۆتاهێنان بە كێشەكان نەخراونەتە روو. هەنوكە لێكۆڵەرانی ئاینناسی لێكدانەوەی خۆیان سەبارەت بە دیاردەی ئاین كە دەخەنە روو، ئەو بۆچوونانە ناكەنە تیۆریەكی پتەوی دامەزراو. بۆیە وادەڵێم چونكە زوتر پسپۆڕان لەم بوارەدا لەسەر بۆچوونەكانیان تیۆریان دادەمەزراند و وەك بەڵگەیەكی زانستی پتەو، بۆچوونەكانیان دەحستنە روو[1].

بۆ نمونە:

جیمس فرازەر (1845- 1941)، باوەڕی وابووە كە هزری مرۆڤ و بیرۆكەكانی بەئاراستەیەكی پەرەسەندندا رۆشتووە. ئەو وای بۆ دەچێت كە سەرەتا مرۆڤ بە قۆناغی جادووگەریدا رۆشتووە تا لەو رێگایەوە بتوانێ سروشت دەستبەسەر بكات، تا گەشتۆتە ئەوەی كە مرۆڤ ببێتە خاوەنی ئاینی تایبەتی خۆی. لەبری ئەوەی هێزە شاراوەكان لەرێگەی جادووەوە بەكاربهێنێت، هەوڵیداوە لە رێگەی ئاینەوە ئەو هێزانە، ئەو رۆحانە یاخود ئەو خودایانە كە باوەڕیان پێبووە، بە گوێڕایەڵیكردن بۆیان، رایانبهێنێت و ئاشتیان كاتەوە و رازیان بكات.

بە بۆچوونی فرازەر ئەم رێگەیە واتە شێوازی مامەڵەكردن لەتەك سروشتدا بەچەشنێكی جادووگەریانە، لەسەردەمی مۆدەرنەدا بۆ شێوازێكی زانستی گۆڕراوە. مرۆڤ لەمرۆدا لەبری ئەوەی جادوو بەكاربێنێت، رێگەی زانستی بەكاردەهێنێت. كەواتە رێگەی زانستی بۆ مامەڵەكردن لەتەك سروشتدا، باشترین مامەڵەكردنێكی ئەقڵگەرانە و ئامانجدارانەیە لە تەك هێزە سروشتیەكاندا

1- Ninian Smart, *Godsdiensten van de Wereld*, Kampen, 2003, p. 41.



بەكاردەهێنرێت، تا بەباشترین شێوە سود لەو سروشتە وەرگرێت[1]. بۆ نمونە ئەمڕۆكە مرۆڤەكان لەبری ئەوەی لە دیاردەی هەورەبروسكە و بارانبارین بترسن و بەرێگەی جادووگەری بیانەوێت بەسەریدا زاڵبن، ئەمڕۆكە كەشناسی ئەو دیاردەیە دەناسێنێت و پێشبینی خۆی لەوبارەوە دەدات.

ئەنترۆپۆلۆژیست ئیدوارد تایلۆر (1832- 1917) یەكێك بووە لەوانەی باوەڕی وابووە كە ئاینی سەرەتایی لە مێژوودا، دەرەنجامی باوەڕكردن بە رۆحە نەبینراوەكان، سەریهەڵداوە. تایلۆر ئەم جۆرە ئاینەی ناوناوە (ئەنیمیسم). بەڵام ئەم تێرمە بەرادەیەكی بەرچاو لە نێوەندی زانستیدا تووڕدراوە. ئەنترۆپۆلۆژستێكی دیكە بەناوی ر.ر. مارێت (1866- 1943) بیرۆكەیەكی دی لە بواری ئاینناسیدا دامەزراندووە، كە تێرمی (دینامیسم)ی بۆ بەكارهێناوە. ئەم بیرۆكەیە دەڵێت، سروشت بەهۆی هێزێك كە لە مرۆڤ یان لەكەس ناچێت، هاتۆتە ئاراوە و مرۆڤ بەهۆی سرووتی جۆراوجۆرەوە دەیەوێت پەیوەندی لە تەكیدا دامەزرێنێت. تێرمی (مانا) یەكێك بووە لەو ناوانەی كە بۆ ئەم هێزە بەكارهاتووە[2].

نینیان سمارت دەڵێت ئەم جۆرە بۆچوونانە دەمان گەیێنێتە ئەوەی، بیر لە هێزێكی پیرۆز بكەینەوە، كە لە تێكڕای شتەكاندا لەم گەردونەدا ئامادەیی هەیە و تیایدا رەنگدەداتەوە. ئەم تیۆریە دەڵێت، ئاین لەسەرەتادا لەوەدا پەیدا بووە كە مرۆڤ باوەڕی بە (مانا) هێناوە، پاشان باوەڕی مرۆڤ پەرەیسەندووە و گەشتۆتە ئەوەی كە بڵێ رۆحی زۆر هەن و، پاشان باوەڕدارانی ئەو ئاینە سیفاتەكانی مرۆڤیان بەسەر ئەو هێزە یان ئەو رۆحەدا هەڵخستووە (ئیسقات)

1- Ninian Smart, *Godsdiensten van de Wereld*, Kampen, 2003, p. 41.

2- Ninian Smart, p.41.

(projection)، واتە خوداکان کەسێتیدار کراون. دواجار مرۆڤ گەشتۆتە بیرۆکەی پۆلیتەیسم (فرەخودایی) یەکی کەسێتیدار، ئەوجا گەشتووە بە بیرۆکەی مۆنۆتەیسم (یەك خودایی) و ئەتەیسم (ناخودایی) بیرۆکەی خودا کامڵ دەبێت[1].

ئەمانەی پێشەوە نمونەیك بوون لەسەر ئەوەی کە چۆن زانایان و پسپۆڕانی بواری ئایینناسی هەوڵیانداوە لە دیاردەی ئاین تێبگەن، ئینجا چ لە ڕێگەی شوێنەوارناسی و دۆزراوە دێرینەکانەوە بوو بێت تا لە سەردەمی پێش مێژوو تێبگەن و بیناسنەوە، یان لە ڕێگەی لێکدانەوە و هێرمۆنەتیکانەی فەیلەسوفەکانەوە بووبێ، ئەوە دەگەیێنێت کە مرۆڤ ئیمڕۆکە، بەردەوام لەم بوارە مەعریفییەدا لە تێکۆشاندایە و بۆچوونی نوێ، چەمکی نوێ و گۆشەنیگای نوێ، بۆ ناسینەوەی ئاین و تێگەشتن لە دیاردەو مۆتیڤەکانی پەیدابوونی ئاین، بەرهەم دەهێنێت.

لە بەشەکانی دیکەی ئەم بابەتەدا کە ڕەنگە ببێتە چەند کتێبێکی تر، زێدەتر ئەو بۆچوونانە دەخەینە بەر ڕووناکی بۆ خوێنەران و خوێندکارانی فەلسەفەی ئاین.

## 5. ئاین لە نێوەندی هزری مرۆڤایەتیدا

بۆئەوەی خوێنەر لەمەبەستمان تێبگات و بەهەڵە وشە و چەمکەکانی ناو ئەم باسە نەخوێنێتەوە، بەباشی دەزانم هەندێك ڕوونکردنەوە سەبارەت بە چوار چەمکی ئەفسانە، ئاین، فەلسەفە و زانست بدەین، کە بەشێوەیەکی گشتی هزری مرۆڤایەتی لەو چوار بۆچوونەدا یان لەو چوار چەمکەدا خۆی دەبینێتەوە. ئەو کاراکتەرە تایبەتەی کە مرۆڤ هەڵگریەتی و بۆ ئەم سەردەمە ئاشکرا بووە، ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە هەوڵیداوە خۆی لە گەردوندا بناسێتەوە، تا خۆی لە

1- Ninian Smart, p. 41-42.



نامۆیی قورتاربکات و لەهەمانکاتیشدا ئەوەشی ویستووە کە بزانێ لەم دنیایەدا چی دەبێت بکات. ئەم دوو مۆتیڤە بەهێزترین پاڵنەر و وروژێنەرن لە مرۆڤدا بۆ ئەوەی میکانیزمێك بەرهەم بێنێت تا بتوانێت وەڵامی ئەو پاڵنەرانە بداتەوە یان ئەو غەریزانە تێربکات.

زۆر بەسادەیی تێبینی ئەوە دەکرێت، کە مرۆڤ لە شوێنی نوێدا یان لە شوێنکاتی نەناسراودا هەستی نامۆیی تیایدا کاریگەر دەبێت و ئازاری دەدات، جا چ ئازاری ڕۆحی بێت یاخود ئازاری دەروونی بێت، کاریگەری نەرێنی دەبێت و ئەو ئازارە ڕۆحیە ناچاریدەکات کە هەرچۆنێك بووە خۆی قورتاربکات. ئەم ئازارە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ مرۆڤ تا هەوڵبدات میکانیزمێك بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارەی بدۆزێتەوە. گومان لەوەشدا نیە کە ئەم پاڵنەرە، واتە خۆ ڕزگارکردن لە نامۆیی، مەرج نیە تاکە تۆخم بێت بۆئەوەی مرۆڤ هانبدات، وەلێ لابردنی هەستی نامۆیی لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە، ڕەنگە توخمێکی گرنگ بێت لە ڕەوتی پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتیدا، یان بەجۆرێکی تر بڵێین پاڵنەرێکی گرنگ بێت بۆگۆڕانکاری لە هزری مرۆڤایەتیدا.

توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، مرۆڤ لەسەرەتادا هەوڵیداوە لە بوون و گەردون و بوونی خۆی تێبگات، بۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر جۆرێك لە بیرکردنەوە کە پاشان ئەم بیرکردنەوە تایبەتە، لەلایەن زانا و فەیلەسوف و توێژەرانەوە لەم سەردەمەدا، ناوی ئەفسانە یان چەمکی ئەفسانە وەردەگرێت. واتە ئەفسانە لەو سەردەمەدا مۆدێلێك بووە لە بیرکردنەوە، تا وێنەیەك بۆ دنیا بکێشن کە مرۆڤ تیایدا هەست بە ئاسوودەیی بکات. ئەفسانەش هەروەك ئاین، فەلسەفە و زانست میکانیزمێك بووە کە ڕۆڵی گرنگی بۆ مرۆڤایەتی گێڕاوە.

بەهەمانشێوە ئاینیش مۆدێلێکی تری دامەزراندنی دنیایەك بووە کە مرۆڤ تیایدا هەستی بە حەسانەوەو ئاسوودەیی کردووە. هەڵبەتە لێرەدا ئەو مەبەستەمان نیە کە دروستی یان نادروستی ئاین و ئەفسانە شرۆڤە بکەین،

نەخێر ئێمە لێرەوە تەنها وەزیفەی ئەو دوو مۆدێلە بۆ مرۆڤایەتی دەخەینە روو. چۆن مرۆڤ هەوڵیداوە لە ئەفسانە وردتر و ماقوڵانەتر بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ناساندنی دنیادا پێشکەش بکات، فەلسەفەش ئاوا هەوڵیداوە لۆژیکانەتر لە ئاین و وردتر و ئەقڵانیتر لە ئەفسانە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بوون و هەبوون پێشکەش بکات. گومان لەوەدا نیە کە زانستیش پێشکەوتنێکی تر لە رەوتی گۆڕانکاری لە هزری مرۆڤایەتیدا.

لەنێوەندی ئەم مۆدێلانەی پێشوو (ئەفسانە، ئاین، فەلسەفە و زانست) زانستی سروشتی بوو، ویستی وردتر و زانستیانەتر، مۆدێلی خۆی سەبارەت بە گەردون وەگەڕخات. ئەم بۆچوونەش ئەوە ناگەیێنێت کە زانست کۆتایی بە مۆدێلەکانی پێشخۆی هێنابێت، یان فەلسەفە کۆتایی بە ئاین و ئاینیش کۆتایی بەفەلسەفە هێنابێت، نەخێر ئەوە مەبەستمان نیە، بەپێچەوانەوە، ئەو مۆدێلانە هیچیان کۆتاییان نەهاتووە و تا هەنوکەش ئەو چەشنە مۆدێلانەی بیرکردنەوە، کەم تا زۆر کاریگەری خۆیان لەناو مرۆڤدا دەردەخەن و ئاوێتەی یەکتردەبن، وەلێ بیرکردنەوەی زانستی لەم سەردەمەدا، باڵادەستی بەسەر ئەوانیتردا وەرگرتووە. تەنانەت ئەم دۆخە وایکردووە کە هەندێ فەیلەسوفی وەك ئیدمۆند هۆسرەل و مارتن هایدگەر هەوڵیانداوە فەلسەفە لە ژێر رکێفی زانست بهێننە دەرەوە.

کەواتە لێرەدا هەرکاتێ ناوی ئەفسانە لەتەك ئایندا دێت، مەبەست لەکەمکردنەوەی ئاین نیە، هێندەی روونکردنەوەی هەقیقەتێکە. یان باشتر بڵێین ئەفسانە جۆرێکە لەبیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ دیتنی دنیا کە لە دیدی زانستی تاقیگەریەوە ناوی ئەفسانەی لێنراوە. بەپێی پێناسەکردنی ئیمڕۆکەی زانست نەك هەر ئەفسانەی هەزاران ساڵ لەمەوبەر وەبەر ئەو پێناسەیە دەکەوێت، بەڵکو ئاین و بگرە فەلسەفەش لەو پێناسەیە رزگاری نابێت. ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە ناونانی ئەفسانە شتێك بێت زانستی ئەمڕۆکە دایهێنابێت، نەخێر، ئەو چەمکە زۆر لەوە دێرینترە، چونکە ئاین بانگەشەی ئەوە دەکات کە



بەناوی هەقیقەتەوە دەدوێت نەك ئەفسانەی هێنابێت. ئاین بەگشتی و ئیسلامیش بەتایبەتی بەناوی هەقیقەتی رەهاوە دەدوێن و ئەوە رەتدەکەنەوە کە ئەوان ئەفسانەیان هێنابێت، یان ئەفسانەیان دووبارە کردبێتەوە. لە بابەتی داهاتوودا زۆر بەکورتی لە گۆشەنیگای فەیلەسوفی فەرەنسی (جیۆرج گسدۆرڤ)ەوە، تیشکێك دەخەینە سەر چەمك و مەبەستی ئەفسانە.

## 6. ئەفسانەگەرایی ( میتۆلۆژیا )

ئەفسانە مۆدێلێك بووە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ کە لەم سەردەمەدا ناوی ئەفسانەی لێنراوە. مرۆڤی ئەو سەردەمە لەتەك ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەدا وەك هەقیقەتێك مامەڵەی کردووە و وەك ئەفسانەیەك بەمانای ئەمڕۆکە نەیدیووە. ئەفسانە یەکەم مەعریفەیە کە مرۆڤ بەدەستی هێناوە تا بەهۆیەوە خۆی و گەردوونیش بناسێتەوە. مرۆڤ کە لە دنیادا چاو دەکاتەوە، گەردوونێکی فراوان دەبینێت و ئەو هەموو گیانلەبەرو رووەکانە بەدیدەکات و بوونەوەرێك دێتەبەرچاوی کە زۆر لەخۆی مەزنتر و بەهێزترە، بوونەورێك ناکەوێتە ژێردەستی خۆیەوە، بەناچاری بەو توانایەی کە هەیەتی، هەوڵدەدات لێکدانەوەیەك بۆ بوونی خۆی و بۆ بوونەوەریش بڕەخسێنێت[1].

وەك بۆ توێژەران دەرکەوتووە، ئەفسانە بیرکردنەوەیەکی زۆر پێویست بووە لەناو مرۆڤگەلێك یان گروپێکی تایبەتدا، لەشێوەی چیرۆك خۆی نیشانداوە، بۆ بەجێهێنانی وەزیفەیەکی تایبەت. زیاتر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەنتۆلۆژیانە (بوونگەریانە) بووە، کە بوونی ئەو مرۆڤگەلە لەم گەردونەدا بەسەریاندا سەپاندوویەتی. ئەفسانە بۆ ئەوکاتەی بیرکردنەوەی سەرەتایی مرۆڤایەتی لە بیرکردنەوەیەکی تیۆلۆژی یان بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی شپرز و ناسیستەماتیکی

1- Georges Gusdorf, *Mythe en metafysica*, Utrecht, 1963, p.17.

چووە. بیرکردنەوەی ئەفسانەیی وەك بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی دەرەنجامی بیرکردنەوەیکی قوڵ نەبووە، تیۆریەکی زانستی نەبووە، وەڵامدانەوەی هەستێك بووە لە مرۆڤدا کە خۆی لە بوونەوەرێکدا دەبینێتەوە، هەستێك رەنگە ترسێکیش لە پشتیەوە بووبێت. ترسی ئەوەی کە نازانێت خۆی لەکوێدایە و هەوڵدەدات پنتێك لەم بوونەوەرەدا بۆخۆی نیشان بکات. کەواتە ئەفسانەگەری جۆرێك بووە لە هوشیاربوونەوەیەکی سەرەتایی مرۆڤ لە خودی خۆی و لە بوونەوەر. بەم مانایە ئەفسانەگەری جۆرێك بووە لە دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ مرۆڤ.

فەیلەسوفی فەرەنسی (جیۆرج گسدۆرڤ) دەڵێت، ئەوکاتەی هوشیاربوونەوەی مرۆڤ گەشتە ئەو ئاستەی کە واتای پیرۆزگەری بێنێتە کایەوە، لەو ساتەوە ئاینیش سەریهەڵدا. ئەو پیرۆزگەرییە بەسەر زاتێکدا بڕایەوە کە سیفەتێك لە هێزی لەڕادەبەدەری ناسروشتی پێبەخشرا. لەپێشدا وێنانەدنێکی لێڵ و ناڕوون لەلایەن مرۆڤی ئەو سەردەمەوە سەبارەت بەو زاتە ناسروشتیە دەبەخشرێت. هێدی هێدی بەتێپەڕبوونی کات ئەو وێناندنە رونتر و ئاشکراتر دەبێت، تا دەگاتە ئەوەی ئەفسانە دەبێتە بیرکردنەوەیەکی سیستەماتیکی و جێگەی بیرکردنەوەیەکی ناسیستەماتیکی دەگرێتەوە و لەوێشەوە سەر بۆ فەلسەفە دەکێشێت. لەم بیرکردنەوەیەدا ئەو زاتە پیرۆزە لەگەردون جیا نەبۆتەوە و بەبوونەوەر ئاوێتەیە. وەلێ لەگەڵ بەکارهێنانی ئەقڵ و بیرکردنەوەی سیستەماتیکی، ئەو زاتە لەگەردون جیادەکرێتەوە و پێگەیەکی تری لە دەرەوەی گەردون پێدەبەخشرێت. لەم دۆخەدا مرۆڤ خۆی دەناسێتەوە و خۆی لەو میتۆلۆژیایەی کە دایمەزراندووە، جیا دەکاتەوە. پاشان ئەو زاتە پیرۆزەش کە هەر مرۆڤ خۆی وێناندویەتی، لەخۆی و لە گەردون جیادەکاتەوە و ئەو زاتە دەبێتە ئەو خودایەی سەربەخۆ بێت، جیهانی خۆی هەبێت و خوداوەندانە بژی، مرۆڤیش لە جیهانی خۆیدا مرۆڤانە بژی[1].

1- Georges Gusdorf, *Mythe en metafysica*, p.130.



ئەم روونکردنەوەیەمان بەگرنگ زانی سەبارەت بە میتۆلۆژیا، ئەگەرچی زۆر کورتە، تا هەرکاتێك ناوی ئەفسانەمان لە نێوەندی ئاین و فەلسەفەدا هێنا، خوێندکار لە مەبەستمان تێبگات و بەهەڵەدا نەچێت.

## 7. فەلسەفەی ئاین چیە؟

فەلسەفەی ئاین دیسپلینێکی فەلسەفیە، هەوڵدەدات دیاردەی ئاین بخوێنێتەوە. ئەم رێبازە لە رێگەی خوێندنەوەی ئاینەکان، لە بنەڕەتی دیاردەی ئاین دەکۆڵێتەوە. ئەو بابەتانەی کە ئەم فەلسەفەیە خۆی پێوە خەریك دەکات، بریتین لە پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئاین، پاشخانی فەلسەفی ناو سیستەمەکانی ئاین، زمانی ئاین، ئەزمونی ئاینی، مەعریفەی (ئەپستمۆلۆژیا) ئاینی، گرفتی چاکەو خراپە یان خێرو شەر، پەیوەندی نێوان ئاین و زانست و پلورالیسمی (فرەیی) ئاینی.

فەلسەفەی ئاین یەکێکە لە بەشە سەرنجراکێشەکانی بواری فەلسەفە. ئەم بەشە بەتەنها ئەو پرسیارە باوە دووبارە ناکاتەوە: ئاخۆ خودایەك هەبێت؟ بەڵکو لەوەش دەکۆڵێتەوە، کە ئەگەر ئەو خودایە هەبێت، دەبێت چی بێت؟ بەڵام لە هەمووی گرنکتر ئەو پرسیارەیە: ئەو خودایە بۆ ئێمە چ واتایەك دەبەخشێت؟

وەك هەموو بەشەکانی تری فەلسەفە، ئەم بەشەش پرسیار سەبارەت بە ئاین دەوروژێنێت و وەڵامی بۆ دەدۆزێتەوە، میتۆدی بۆ دادەمەزرێنێت، بوار دەرەخسێنێت و سنورەکانی ئەو بەشەش کە پێوەی خەریکە واتە ئاین، دیاریدەکات. ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەخاتە روو:

بنەڕەتی ئاین چییە؟ ئاین لە ناو مێژوودا چ پێگەیەکی وەرگرتووە؟ رەگ و ریشەی ئاین لە کوێی مێژوودا دەبینرێتەوە؟ سروش چییە و ئەوەی کە دواتر خراوەتە سەر سروشی ئاینێکی دیاریکراو، کامانەن؟ تا چ رادەیەك ئەو سروشەی کە نێردراوە، رەنگی تایبەتی سەردەمێك یان جێگەیەکی لە مێژوودا وەرگرتووە؟ جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەت، لەکاتی

دانان و دامەزراندنی ئەو سروشە دا، چ رۆڵێکی تایبەتی بینووە؟ تا چەند رەنگ و روخساری ئەو شوێن و کاتەی کە ئەو سروشەی تیا دابەزیوە، لە خۆ گرتووە؟ ئەو ئاینە چ وەزیفەیەکی بووە و ئێستاش چ وەزیفەیەکی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە؟ ئەو رەچەتانەی کە لەو سروشانە وەرگیراون لەو کاتەی کە ئەو سروشانە دابەزیون، چ کاریگەریەکیان لەسەر رەفتاری مرۆڤەکان بووە؟ ئایا باوەڕکردن بە خودایەك بنەمایەکی ئەقڵانی هەیە؟ ئاین کاریگەری چیە لەسەر ئەو کەسەی کە لە گوناهەکانی تۆبە دەکات؟

لەگەڵ ئەمانەی کە گوتمان، فەلسەفەی ئاین لەهەمانکاتدا ناسینەوەی چمکێکی تری مرۆڤە، چونکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە: بۆ مرۆڤ هێندە خولیای ئاینە؟ بۆ ئەزمونی ئاینی لە ژیانی مرۆڤدا هێندە گرنگە؟ چونکە فەلسەفە، هێندە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بناسێنێت، بۆ ئەوە نیە کە خودایەك بناسێنێت، لەبەرئەوەی خودا شتێك نیە بکەوێتە بەر هەستەکانمان، بەڵکو ئەوە مرۆڤ ئەو کاراکتەرانە بۆ خودا دەخولقێنێت.

ئەگەر فەلسەفە وەك دەڵێن لەم چوار پرسیارەدا چڕ بێتەوە(چی دەتوانم بزانم؟ دەبێ چی بکەم؟ دەتوانم چ هیوایەکم هەبێت؟ مرۆڤ خۆی چیە؟)، کە ئاینیش دەکەوێتە بەشێکیەوە، ئەوە لە کۆتاییدا ئەو هەوڵدانەی فەلسەفە ناساندنی خودی مرۆڤە، چونکە ئەوە مرۆڤە ئەم کێشانە دەبزوێنێت. ئیدی پرسیارەکە لەوێدا چڕ دەبێتەوە: بۆ مرۆڤ وا بیردەکاتەوە؟ بۆ مرۆڤ وادەکات؟ وەڵامی پرسیارەکانیش بەم چەشنەی خوارەوەی لێدێتەوە:

چی دەتوانم بزانم؟ میتافیزیکا وەڵامی دەداتەوە
دەبێ چی بکەم؟ ئەخلاق وەڵامی دەداتەوە
دەتوانم چ هیوایەکم هەبێت؟ ئاین وەڵامی دەداتەوە
مرۆڤ چیە؟ مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) وەڵامی دەداتەوە[1]

1- Paul Flapper, *Wijsbegeerte & Spiritualiteit*, Larooij, 2004, p.7.



بەکورتیەکەی، هەروەك فەیلەسوف و دەروونناسی ئەمەریکی ولیام جێمس دەڵێت، سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی پێشەوە، فەلسەفە هەوڵی ئەوە نادات کە هەقیقەتی ئەزمونی ئاینی ئاشکرا بکات، هێندەی ئەوەی کە هەوڵدەدات بەردی بناغەی رەخنەگرتن داچەقێنێت و ئاین لەو درك و داڵەی تێیئالاوە و ئەو تەپ و تۆزەی لێی نیشتووە، خاوێنکاتەوە[1].

## 8. فەلسەفەی ئاین وەک میتۆدێکی شیکاری

ئەگەر فەلسەفە گەڕانەوە بێت بۆ ناسینەوەی بنەڕەتی دیاردەکان، دەبێ بنەڕەتی دیاردەی ئاین چی بێت؟! بۆئەوەی لە دیاردەی ئاین تێبگەین، دەبێت لە دوو ئاستەوە یان لە دوو گۆشەنیگاوە ئاین بخوێنینەوە، ئەوانیش دیوی نادیاری ئاین و دیوی ئاشکرای ئاینن. بۆئەوەی لەم تێکستەی پێشەوە باشتر تێبگەین، درەختێك دەکەین بەنمونە:

درەختێك لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە. رەگ بەشێکی نادیاری درەختە و قەد، لق و چڵەکانیش، بەشی دیاری درەختەکەیە. بەشی دیاری درەخت (قەد، لق و چڵ) خۆراك لە بەشە نادیار (ڕەگ)ی ئەو درەختەوە وەردەگرن. بوونی درەختێك هەربەو خۆراکەوە ناوەستێت، بەڵکو پێویستی بە تیشکی خۆریش دەبێت، کە خۆر بەشێکی دیاری ئەم گەردونەیە. واتە دەرەنجامی بەشی دیاری گەردون و بەشی نادیاری درەختەکە، درەختێك گەشە دەکات. بەڵام رەگی ئەو درەختە لە زەوییەکیشدا خۆی راگرتووەو هەر لەوێشەوە خۆراکی خۆی دابین دەکات. بۆئەوەی ئەم درەختە بناسین، پێویستمان بە زانستی کشتوکاڵ دەبێت، بۆئەوەی پێکهاتەو وەزیفەکانی ئەو درەختە بزانین، گەشە و بووژانەوە، نەخۆشی و مردنی ئەو رووەکە هەر زانستی کشتوکاڵ پێمان دەناسێنێت.

1- Michiel Leezenberg, *Rede en religie*, Amsterdam, 2007, p.75.

گەر لەم نمونەیەی سەرەوە لە ئاینیش بڕوانین، ئەوا ئاینیش دیاردەیەکە خوێندنەوە و زانستی تایبەت بەخۆی دەخوازێت. وەك لەپێشەوە گوتمان ئاین بەشی نادیار و بەشی دیاریشی هەیە، کە دەرەنجامی کارلێکردنی ئەو دووبەشە، دیاردەی ئاینیش گەشە دەکات و سەردردێنێ، واتە ئاینیش رەگێکی شاراوە و قەد و لقێکی دیاری هەیە و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگەش دەبێت. هەروەك درەخت زەمینەیەکی هەیە، ئاینیش زەمینەی خۆی هەیە، هەروەك درەخت لەو زەمینەیەدا رەگ دادەکوتێت، ئاینیش لەزەمینەیەکدا رەگ دادەکوتێت، هەروەك درەخت تیشك لەخۆرەوە وەردەگرێت، ئاینیش تیشکی خۆی لە (بوونەوەر)ەوە وەردەگرێت بۆئەوەی گەشە بە بوون و مانەوەی خۆی بدات، ئەمەو جگە لەوەی کە ئاین رەگی خۆی بە قوڵایی بوون (زەمینە) دا شۆڕکردۆتەوە.

بۆئەوەی ئاین بناسین هەروەك درەختەکە، زانستی تایبەت بەخۆی دەخوازێت. ئەو بەشەی کە شاراوەیە فەلسەفەی ئاین هەوڵدەدات بیخوێنێتەوە. ئەو رێبازە فەلسەفیەی بەم ئەرکە هەڵدەستێت رێبازی فینۆمینۆلۆژیایە. بەشە دیارەکەی ئاین و ناسینەوەیان، ئەرکی زانستەکانی ئاینە. واتە بە دوو جۆر میتۆدەوە، ئێمە دەتوانین ئاین بخوێنینەوە: فینۆمینۆلۆژیای ئاین و زانستەکانی ئاینن. یەك زانست بەکارناهێنرێت بۆ ناسینەوەی ئاین، بەڵکو زانستی جۆراوجۆر لەو پێناوەدا دەخرێتە گەڕ. ئەوانیش:

1. سایکۆلۆژیای ئاین 2. سۆسیۆلۆژیای ئاین
3. ئەنترۆپۆلۆژیای ئاین 4. مێژووی ئاینەکانن.

جگە لەم دوو میتۆدە (فەلسەفەی ئاین و زانستەکانی ئاین)، هەوڵدەدەین لەم باسەدا، دوو زانستی تریش بخەینە روو، کە پەیوەندیان بە ئایینناسیەوە هەیە، ئەوانیش تیۆلۆژی و رۆحیگەریە. لە دووتوێی ئەم کتێبەدا رۆشنایی تەنها دەخەینە سەر فەلسەفەی ئاین و هەوڵدەدەین کتێبێتر بۆ زانستەکانی ئاین، تیۆلۆژیاو رۆحیگەری تەرخان بکەین.



## 9. دیاردەی ئاین

ئاین چییە یان بە چی دەگوترێت ئاین، دیاریکردنی کارێکی ئاسان نیە. ئاخۆ ئاین کاراکتەرێکی وای هەبێت کە بتوانین بەو دیاردەیە بڵێین ئاین و دەرکەوتەی ئاینی پێبناسینەوە؟ دەشێ کەسێك دیندار بێت و بەڵام سەر بەهیچ ئاینێك نەبێت؟ ناسینەوەی گەوهەری ئاین، وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی جدی دەخوازێت و لەو پێناوەشدا زاناو فەیلەسوفی زۆرو زەبەندە ئەسپی خۆیان تاوداوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤی ئاقڵ، ئاینیش لەسادەترین شێوەیدا دەرکەوتووە. ئاینی جۆراوجۆر هەر لە ئاینی فرەخوداییەوە بگرە تا دەگاتە ئاینی یەك خودایی، لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پەیدابووە و هەر ئاینێکیش چەندین رێبازو مەزهەبی جۆراوجۆری لێوە دەرهاتووە. ئێمە لێرەدا نامانەوێت ئەو ئاینانە بخەینە روو، بەڵکو هەوڵدەدەین ئەو بنەمایانە بخەینە روو کە دەتوانین ئاینی پێبناسینەوە[1].

### بنەماکانی ئاین:

**1- بنەمای ریتوێل (سرووت- طقوس)**

گشت ئاینێك، کۆمەڵێك نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە، وەك هامشۆکردنی پەرستگا (مزگەوت، کڵێسا، سیناخۆخ ... هتد)، وتارخوێندن، نوێژکردن و قوربانیکردن...هتد. ئەم کردارانە پێیاندەگوترێت ریتوێڵ. هەندێك لەو کردارانە سرووتی رۆژانە، هەفتانە، مانگانە، وەرزی یاخود ساڵانەن و بەبۆچوونی باوەڕدارانی ئەو ئاینە لەلایەن خوداوە فەرزکراوە، وەك نوێژکردن، رۆژوگرتن و حەجکردن ...هتد.

1- Ninian Smart, *Godsdiensten van de Wereld*, Kampen, 2003, p. 13-24.

هەندێ سرووتی دیکەش هەن مەرج نیە لە دیدی شوێنکەوتوانیەوە، لەلایەن خودایەکەوە فەرزکرابێت، بەڵکو مرۆڤ ئەو سرووتە بۆ هوشیاربوونەوەی رۆحی خۆی بەجێدەهێنێت، وەك یۆگا، یان ئەو سرووتە بۆ ئارامی دەروونی بەکاردەهێنرێت، وەك رامان[1].

## 2- بنەمای ئیمۆشیۆنێڵ (سۆزگەرایی- عاطفية)

لە هەر ئاینێك وردبینەوە، دەبینین سۆزگەرایی سەرتاپای ئەو ئاینەی داگیرکردووە. ژیانی هەر پەیامبەرێك یان دامەزرێنەری هەر ئاینێك بگریت، دەبینیت پڕیەتی لە رووداوی پڕ لە سۆز و ئەزمونی سۆفیگەری. ژیان و هەڵسوکەوت و خەون و بەسەرهاتی پەیامبەران چ بەگێڕانەوەی خودی پەیامبەرەکە خۆی بێت یان لە رێگەی شوێنکەوتوانیەوە بێت، بەسۆز خەرمانەدراوە. لەو رۆژەوەی ئەو پەیامبەرە لە دایك دەبێت تەنانەت پێش لەدایکبوونیشی، چیرۆکی سۆزداری لەگەڵیدا دێتە دنیاوە. بڕوانە لە ئەزمونی سروش و دیتنی فریشتە و ئەزمونی ترس و خۆشی لای پەیامبەرێکی وەك موحەمەد. گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی ئەو پەیامبەرە و هاوەڵەکانی چۆن وەك سوتەمەنی بۆ بوژانەوەی گیانی ئیماندران بەکاردەهێنرێت. بەهەمان شێوە گەشتنی بودا بە تەنەوور و ئەزمونی سۆفیگەری تا چ ئاستێك کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە هەیە. گرنگی ئەم بنەمایە لەوەدایە کە رەنگە تێکڕای بنەماکانی دی لەسەر ئەم بنەمایە خۆی راگرتبێت. هەروەها ترساندن و هاندان، دۆزەخ و بەهەشت، مردن و زیندوبوونەوە، چ جۆرە سۆزێك گەر خۆش بێت یان ناخۆش، دەخولقێنێت.

لەم بنەمایەدا بەگرنگی دەزانم کە لەگۆشەنیگای دەروونناسیەوە، روونکردنەوەیەك سەبارەت بە مانا و مەبەستی سۆزگەرایی بدەم. چونکە بنەماکانی تر، ماناکانی خۆیان لەناو بنەماکە خۆیدا دەناسرێتەوە، وەلێ

1- Ninian Smart, p.15-16.



بنەمای سۆزگەرایی لەبنەماکانیتر بە تایبەتی میتۆلۆژیا، هەڵێنجان دەخوازێت[1]. مەبەستمان لەوەیە کە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکێکی گەر واقیعی

[1]- سۆزگەرایی جۆرێکە لەو پاڵنەرانەی وەك ئومێد، خۆزگە و خواست کە لەکات و ساتی تایبەتدا، لەناخی مرۆڤدا لە دۆخی خرۆشاندان. ئێمە بیردەکەینەوە، لەگەڵ خۆماندا راوێژ دەکەین، هەڵدەبژێرین، ئامانجێکیش بۆخۆمان دیاریدەکەین. بەڵام سۆزگەرایی بە پاڵنەرێکی زۆر تایبەت ناسراوە. سۆزگورایی چ بە هۆی پاڵنەری ناوەکی یاخود پاڵنەری دەرەکی بێت، روودەدات، کە ئەویش بە ئاراستەیەکی تایبەت، لەرێگەی هەستەکانەوە وەردەگیرێت و لێکدەدرێتەوە. هەروەها ئەم جۆرە وەرگرتن و لێکدانەوەیە لە بەدەستهێنانی ئامانجی ویستراودا بەشداریدەکەن. بۆ نمونە سۆزگەری تورەیی لە چالاکیەکی وەرزشیدا رەنگە ئەنجامێکی زۆرباش وەدەستبهێنێت.

کەواتە:

**سۆزگەرایی پەرچەکردارێکی دەروونی و جەستەییە، کە دەرەنجامی وروژێنەرێکی ناوەکی یان دەرەکیە، مرۆڤ وەك ئەزمونێکی خۆشی بەخش یان زیانبەخش هەست بەو ئەزمونە دەکات.**

**وروژێنەری دەرەکی و ناوەکی**

نمونەی وروژێنەری ناوەکی وەك ئازار، برسێتی و پێویستی تر و غەریزەکانیتزن. نمونەی وروژێنەری دەرەکی وەك ئاگرکەوتنەوە، شوێنی بەرز، هاندان لەلایەن کەسانی ترەوە و میوزیکێکی خۆش. ئەم وروژێنەرە دەرەکی و ناوەکیانە دەتوانن سۆزگەری وەك ترس، خەمباری، تورەبوون و شادی لەناخی مرۆڤدا ئامادە بکەن. هەستکردنی ئێمە بەم سۆزگەرییە، پەیوەستە بە چۆنیەتی لێکدانەوەی ئێمە بۆ ئەو دۆخەی کە تێیکەوتوین و سۆزگەرییەکە تیایدا روویداوە. ئایا ئەو دەرکەوتە سۆزگەرییە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە یاخودا بەپێچەوانەوەیە؟ ئەم لێکدانەوەیە هەمیشە کەسیانەیە واتە سەبژێکتیە.

**وەڵامدانەوەی جەستەیی و دەروونی**

مەبەست لە وەڵامدانەوەی جەستەیی، ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە کاتی سۆزگەریدا بەسەر جەستەدا دێت، وەك دەردانی ئەدرنالین، گرژبوون یان خاوبوونەوەی ماسولکەکان و بەرزی یان نزمی فشاری خوێن. مەبەست لە وەڵامدانەوەی دەروونی پەستی و تورەبوونە، دڵخۆشی و شادمانیە، بێزاریە، بەخەیاڵداچوون و روخۆشیە.=

= **تیۆریەکانی سۆزگەرایی**

تیۆری نوێی سۆزگەرایی, چوار جۆر سۆزگەری جیادەکاتەوە:

**1. جۆری ئیدراکی**

ڕوداوێك بەرەوڕوومان دەبێتەوە و سەرنجی دەدەین و بە ڕێگەی تایبەتی خۆمان بیری لێدەکەینەوەو لێکیدەدەینەوە. بۆ نمونە دەرەنجامی لێکدانەوەکە ئەوەیە کە ئەو روداوە یان بۆ ئێمە دەبێتە هەڕەشەیەك، خۆشیەك یان ناخۆشیەك.

**2. جۆری ڕەفتاری**

لەسەر روخسارمان یان لە ڕەفتارماندا جۆری ئەو سۆزگەرییەی هەستی پێدەکەین، دەردەکەوێت. لەکاتی سەرسوڕمانیدا چاومان زەق دەکەینەوە، کەچی لەکاتی پەستیدا رومان گرژ دەکەین. جەستەشمان جۆری سۆزگەریمان ئاشکرادەکات، بۆ نمونە لەکاتی خەمباریدا جەستەمان دەچێتەوەیەك و خۆمان کۆم دەکەینەوە.

**3. جۆری جەستەیی**

وەك لەپێشەوە گوتمان، لەناو جەستەشماندا گۆڕانکاری رودەدات، وەك بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، ڕێژەی شەکر لە خوێندا، لێدانی دڵ یان خێرا دەبێت یان خاو دەبێتەوە.

**4. جۆری سەبژێکتی (خودگەری)**

سۆزگەریی دەتوانین بە ئاگاییەوە هەستی پێبکەین. واتە ئاگاداری کە لە چ دۆخێکی سۆزگەریدا دەژیت. دەزانین کە ئێمە پەستین، شادمانین، خەمبارین یاخود دەترسین.

**نمونەی جۆرەکان لە دۆخێکی سۆزگەریدا:**

لەکاتی توڕەبووندا هەرچوار جۆری سۆزگەری خۆی ئاشکرا دەکات.

- ئیدراکی: هەست بە ڕێگرێك دەکەیت کە نایەڵێت ئامانجەکەت وەدەستبهێنێت (بێزاری، ناڕازی، خۆبەکەمزانین و لەم جۆرە هەستانەی تر،
- ڕەفتاری: لەگەل روخسارێکی گرژبودا، شەقێك دەهاویت،
- جەستەیی: گرژبوونی ماسولکەکان، زیادبوونی لێدانی دڵ و دەردانی هۆڕمۆنی ئەدرنالین. =



یان ئەفسانەیی بێت، باری دەروونی بیسەرانی دەوروژێنێت جا بۆخشی بێت یان ناخۆشی، بۆگرژکردن بێت یان بۆ خاوبوونەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە سۆزی باوەڕداران دەبزوێنێت، بەو سۆزە خۆراکیان دەداو بەئاراستەیەکدا دەیانبات کە بانگکەرانی مەبەستیانە. بەم ڕێگەیە دەتوانێت ئەو ئاینە مرۆڤەکان بۆخۆی گۆش بکات. چونکە هیچ ئاینێك بگرە هیچ ئایدیۆلۆژیایەك ناتوانێ پەرە بەخۆی بدات یان برەو بسێنێت، گەر بنەمای سۆزگەری تیایدا ئەکتیڤ نەبێت. بۆ نمونە وەسفی بەهەشت و دۆزەخ، چ جۆرە خۆشیەك یان چ جۆرە ترسێك لەمرۆڤدا دەوروژێنێت. گێڕانەوەی ژیانی پەیامبەران چ جۆرە هەڵچونێك لەمرۆڤدا دەخولقێنێت!!!

## 3- بنەمای میتۆلۆژیا (چیرۆکی ئەفسانەیی)

مێژووی هەر ئاینێك بخوێنیتەوە، گەر چەند چیرۆکێکی نەبێت بەلایەنی کەمیەوە چیرۆکێکی ئەفسانەیی بۆتە بەردی بناغەی دامەزراندنی. ژیانی

= **فرمانی سۆزگەرایی:**

سۆزگەرایی هەمیشە وەزیفەیەك بۆ مرۆڤ ئامادە دەکات تا ئامانجێك دابین بکات. ئەو گۆڕانکارییە جەستەییە، وا لە مرۆڤ دەکات کە ئامادەی بکات بۆ وەڵامدانەوە: را بکات یان شەڕ بکات. جەستە لەخەمی ئەوەدا دەبێت، کە وزە بۆخۆی دابین بکات تا بتوانێت بەئەرکی خۆی لەوکاتەدا هەڵسێت. یان ئەو ئەرکە لەوکاتەدا دوابخات و بۆ جارێکیتری هەڵگرێت، یان وزەی بەردەوامی پێدەبەخشێت تا لەو دۆخەدا کە تیایەتی، بمێنێتەوە.

لەکاتی سۆزگەریدا مرۆڤی تر ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینن. ئەوان دەکرێ ببنە مۆدێلێك بۆ جۆرێکی تایبەت لە سۆزگەری، ئەوانەی دەبنە جێگە چاولێکردنی تۆ، دەتوانن تۆ بخەنە ژێرکاریگەری خۆیانەوە، یان ناخی تۆ هەڵگێڕنەوە. بڕوانە:

Ella Wijsman, *Psychologie en Sosiologie*,Groningen, 1996, p.75-77.

دامەزرێنەرە مەزنەکان یان پەیامبەرانی وەك بودا، موسا، عیسا و موحەمەد بەئاشکرا ئەو چەشنە چیرۆکانەی تێدا بەدیدەکرێت. بۆئەوەی مەبەست لە ئەفسانە بزانیت چیە، بگەڕێوە بۆ بەشی پێشوو (ئاین لە نێوەندی هزری مرۆڤایەتیدا) نمونەشمان وەك چیرۆکی ئادەم و حەوایە کە رەنگە کەس نەبێت ئەو چیرۆکەی نەبیستبێت.

بڕوانە ئیسلام چۆن مێژوو ئینتمای خۆی دەباتەوە سەر ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی و بەسەرهات و ژیانی ئەو دوو مرۆڤە چەندە کاریگەرە لە ناو باوەڕی ئیسلامیدا. چیرۆکی سەربڕینی ئیسماعیل لەلایەن ئیبراهیمەوە چ رۆڵێك لەناو موسلماناندا لەڕووی سۆزگەراییەوە دەگێڕێت. هەروەها چیرۆکی میعراج و بوونی پەیامبەرێکی وەك موحەمەد لەپێش دروستکردنی بوونەوەر لای خودا، لەچاوی موسڵمانەکاندا، چ پێشینەیەکی بەسەر پەیامبەرانی تردا پێبەخشیوە.

ئەگەر لە ژیانی هەر یەك لەو پەیامبەرانەی دی وردبیتەوە، بەهەمانشێوە لێوانلێوە لەو جۆرە چیرۆکانە. هەروەك چۆن لەچاوی موسڵمانان موحەمەد لە پێش دنیادا هەبووە، لەچاوی ئاینەکانیتریشەوە پەیامبەرەکەیان ئەو ژیانە پێشینەیەی بووە. ئەمە نەك تەنها بۆ ئەو ئاینانەی کە خۆیان بە ئاسمانی[1] دەناسێنن، بەڵکو ئاینی بودیش کە بە ئاینێکی ئاسمانی نەناسراوە، ئەو جۆرە چیرۆکانەی تێدایە. بۆ نمونە دەڵێن بودا پێش لەدایکبوونی مار بووە، هەندێك دەڵێن کەروێشك یان پاشا بووە. بۆچوونێکیتر دەڵێت بودا بەملیۆنان ساڵ پێش لەدایکبوونی و پێش ئەوەی بێتە سەر زەوی، وەك خودایەك لە ئاسماندا بووە و زۆریش بەختەوەر بووە[2].

1- جیاکردنەوەی ئاینی ئاسمانی و ئاینی زەمینی لەچاوی ئایندارانەوە، نەك لە دیدی فەلسەفەی ئاینەوە، چونکە فەلسەفە باوەڕی بەو دوالیزمیە نیە.

2- Ninian Smart, p.16.



چیرۆکی ئاینەکان هەر هێندە نیە کە باسی رابردووی دامەزرێنەرانی بکات و باسی پێش دروستبوونی دنیا بکات، بەڵکو دەیەوێت لەو چیرۆکەی خۆیدا، ئایندەی بوونەوەر و ئاراستەی مێژووش دیاریبکات. بیرۆکەی وەك هاتنی مەهدی، زیندوبوونەوەی مەسیح و هاتنی رۆژی دوایی، گشتیان لە دیدی زانستی ئەمرۆکەوە، دەچنە ناو چوارچێوەی چیرۆکی ئەفسانەییەوە. مەرج نیە کە شتێك یان چیرۆکێك ناوی ئەفسانەی لێبنرێت، یانی ئەو ئەفسانەیە بێمانایە یان راست نیە، لە زانستی ئاینیدا لە رۆژئاوادا هەنوکە، بەو چاوەوە لە ئەفسانە ناڕوانن. چونکە ئەفسانەی دروستکردنی بوونەوەر لای ئاینداران و بیرۆکەی تیۆری (پەرەسەندنی گیانەوەران) تا ئەو پرۆسەی پەرەسەندنە دەگاتە مرۆڤ، لە دیدی داروینیسمەوە، وەك یەك دەچنە ناو چیرۆکی ئەفسانەییەوە. بەهەمان شێوە بۆچوونی مارکسیسم سەبارەت بە پەرەسەندنی مێژوو و رزگارکردنی مرۆڤایەتی بەدەستی چینی کرێکار، دەچێتە هەمان چوارچێوەوەی چیرۆکی ئەفسانەییەوە. زۆربەی جار، سرووتەکانی ناو ئاینەکان لەسەر بنەڕەتی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە، دادەمەزرێنرێنەوە. بۆ نمونە جەژنی لەدایکبوونی موحەمەد سرووتێکە لەسەر ژیان و مردنی ئەو پەیامبەرە دامەزراوە. جەژنی دەربەدەرکردنی جولەکەکان لەسەر ئەو چیرۆکە دامەزراوە کە بەزۆر لەسەردەمی بابلیەکان کۆچیان پێکراوە.

### 4- بنەمای دۆکتەرین (باوەڕ)

لەزۆربەی ئاینەکاندا بنەمای دۆکتەرین پایەیەکی گرنگە و بگرە داهاتووی مرۆڤی لەسەر وەستاوە. واتە گەر بەو شێوەیەی کە ئەو ئاینە باوەڕی خۆی داڕشتووە، باوەڕت نەهێنابێت، یانی تۆ مرۆڤێکی ناتەواویت، بێباوەڕیت و لەم دونیادا خوێنت حەڵاڵ دەکرێت و لە پاش مردنیش بۆ دۆزەخ دەنێردرێیت. بۆ نمونە یەکتاپەرستی (مۆنۆتەیسم) لە ئیسلام و یەهودیدا بڕبڕەی پشتی ئاینەکەیانە. هەروەها بیرۆکەی ترینیتی (خودا لە سێ کەسایەتی پێکاتووە) بناغەی ئاینی مەسیحیە.

بەهەمانشێوە بودا ڕێبازێکی داناوەو کردویەتی بە عەقیدەیەکی گرنگ بۆ بودیەکان، تا چۆن مرۆڤ لە ئەشکەنجەی ڕۆحی خۆی قورتاربکات. کۆمەڵێك پرەنسیپی بۆ شوێنکەوتوانی داناوە، تا پەیڕەوی بکەن. پەیڕەویکردن هەرتەنها وەك مۆراڵێك لێیناڕوانن، بەڵکو وەك خواستێکی یان فەرمانێکی خودا یان هەقیقەت، دەخەنە ڕوو. کەواتە لە ناو ئاییندا باوەڕ بەتەنها تیۆری نیە و بەباوەڕکردن قایل نابێت، بەڵکو پەیڕەویکردنیشە و دەبێت بەجێبهێنرێت.

### 5- بنەمای مۆراڵ (ڕەوشت)

بنەمای مۆراڵ تابلێی لەناو ئاینەکاندا گرنگە، چونکە گرنگترین هۆکار بۆ سەرهەڵدانی هەرئاینێك لەسەرەتادا لایەنی مۆراڵێتیەتی. بۆ نمونە لە تەورات و لە قورئاندا کە دوو کتێبی پیرۆزی یەهودی و ئیسلامن، گرنگی زۆر بەو مۆراڵانە دەدەن کە ناوی (دە ئامۆژگاری) لێنراوە. لە ئاڤێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشتدا چوار ئامۆژگاری (چاك بینین، چاك بیرکردنەوە، چاك گوتن و چاك کردەوە) بایەخێکی زۆری وەرگرتووە. چوار گەوهەری هەقیقەت لای (بودا) (ئازار، حەز، کۆتاهێنان بە ئازار و ڕێگای کۆتاهێنان بە ئازار کە لە (هەشت ڕێچکەکان)دا خۆی دەبینێتەوە، گرنگیەکی زۆری پێدراوە. ڕێزگرتن لە ئاژەل وەك بنەمایەکی مۆراڵی لای ئاینی براهمەکان، گەشتە ئەو ڕادەیەی کە خواردنی ئاژەڵ حەرام بکرێت[1].

### 6- بنەمای سۆشیالی (کۆمەڵایەتی)

ئەو بنەمایانەی پێشەوە (ریتوێڵ، ئیمۆشیۆنیل، ئەفسانەیی، دۆکترین و مۆراڵ) کە تاوەکو ئێستا دەربارەی دواین، گشتیان دەشێ جۆرە بنەمایەك بن

1- Ninian Smart, p.20-21.



کە شاراوە بن و لە ناخی مرۆڤدا بن و دەرنەکەون، چونکە پێویستیان بە فۆرمێکی دەرەکی نیە ئاشکرایان بکات. وەلێ بنەمای سۆشیالی بە بێ فۆرمێکی دەرەکی و کۆنکرێتی پەیدا نابێت. هەموو ئاینێك بەهۆی کۆبوونەوەی ئەندامانی لە ئۆرگانیزەیەکی تایبەتدا، شکلێکی کۆمەڵایەتی تایبەت وەردەگرێت. بۆ نمونە کۆبوونەوەی موسڵمانان لە مزگەوتدا، مەسیحی لە کلێسادا، یەهودی لە سیناگۆگدا، زەردەشتی لە ئاتەشگەدا، فۆرمێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی بەو مرۆڤانە دەبەخشێت، کە هەر ئاینێك لە ویتر جیادەکاتەوە[1].

ئەمەو جگە لەوەی کە ڕەفتاری مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی ئەو ئاینەوە دیاریدەکرێت بۆ نمونە جۆری سلاوکردن لەیەکتر، پەیوەندی مرۆڤ لە تەك یەکتردا، بۆ نمونە وەك بە (بەچینکردن یان دابەشکردنی کۆمەڵگە) لای هیندۆسەکان، جیاکردنەوەی مامۆستای ئاینی لە توێژەکانیتری کۆمەڵگە، سەرهەڵدانی شێخ و مورید لەناو خەڵکیدا و...هتد.

### 7- بنەمای ماتەریالی (مادی)

ئەم بنەمایەش وەك هەمان بنەمای پێشو دەرەکیە و شاراوە نیە. ئەم بنەمایە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مانایەکی تایبەتیان بۆ ئەو ئایندارانە دەبێت، وەك بینای مزگەوت بۆ موسڵمانان، ئاتەشگە بۆ زەردەشتیەکان، سیناگۆگ بۆ یەهودیەکان و کلێسا بۆ مەسیحیەکان. هەروەها داهێنانی بەرهەمی هونەری کە ڕەنگی ئەو باوەڕەی کە ئەو هونەرمەندە هەڵگریەتی، وەردەگرێت و لەو کۆمەڵگەیەدا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت. بۆ نمونە نووسینەوەی ئایەتی قورئانی لە خەتی جوانی هونەریدا لەناو موسڵماناندا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت. کتێبی پیرۆزی وەك قورئان، تەورات، ئینجیل، ئاڤێستا و ڤیدا، شوێنی پیرۆزی وەك

1- Ninian Smart, p.22.

کابە، قودس، رووبار وەك بۆ ئاینی هیندۆسی و ئاینی سابیئە، شاخ وەك کێوی تور بۆ یەهودیەکان. ئەمانەو شتی دیکەش گشتیان ئەو شتە مادیانەن کە بەهۆی سەرهەڵدانی ئاینەوە بایەخی تایبەتی وەردەگرن و واتای پیرۆزی بۆ ئەو ئایندارانە دەبێت.

تا ئێستا ئێمە ئەو بنەمایانەمان بینیەوە کە هەر دیاردەیەك ئەو بنەمایانە لەخۆبگرێت لە رووی زانستیەوە پێیدەگوترێت ئاین. بەڵام خودی ئاین یان جەوهەری ئاین چیە، وەڵامی جیاواز لەلای پسپۆڕان وەردەگرینەوە. ئایا ئاین هەستگەرایە؟ رەفتارە؟ چالاکیە؟ رێڕەوە بۆ ئامانجێك؟ ئەقڵگەرایە؟ فرمانە؟ جەوهەرگەرایە؟ ئەم پرسیارانە جۆرە پرسیارێکن تاوەکو بتوانرێت وەڵامێکی پڕاوپڕ بۆ دیاردەی ئاین بدۆزرێتەوە و بۆئەوەیە مرۆڤ لە خود و بنەڕەتی ئاین تێبگات. بۆ تێگەشتن لە ئاین، زانا و فەیلەسوف و توێژەران چەند وەڵامێکی جیاوازیان داوەتەوە:

1- هەندێك دەڵێن ئاین گەوهەرێکی شاراوەیە لەناخی مرۆڤدا. ئەو گەوهەرە سیفەتێکی بنەڕەتیە لە مرۆڤداو بۆتە چاوگی هەڵقوڵانی ئاین. ئەزمونێکی شاراوەیە و ناکەوێتە بەر نەشتەری تاقیگەری (ئەمپیریسمی). بۆیە تەنها فەلسەفەی ئاین دەتوانێت لەو هەقیقەتە شاراوەیە بکۆڵێتەوە، چونکە فەلسەفەی ئاین لەلایەکەوە بیر لە سەرووی سروشت دەکاتەوە و بیریش لەو ئەزمونە رۆحیە دەکاتەوە کە دەرەنجامی کارلێکردنی هەستی مرۆڤ بە سەرووی سروشت و پەرچەکرداری خۆی بەرامبەر بەو هەستەی خۆی، دەخولقێت و دواجار یان رێبازی ئاین یان رێبازی فەلسەفی سەرهەڵدەدات.
2- هەندێکی تر دەڵێن ئاین وەزیفەیەك یان فرمانێکە، کە پێویستیەکی تایبەتی مرۆڤ دابین دەکات. بۆ نمونە کارل مارکس دەڵێت: ئاین (تلیاکی مرۆڤە) تا مرۆڤ لە تاو ئازارو ئەشکەنجەی ژیان خۆی سڕ بکاو بەهیوایەکی تر مانا



بەژیانی بداتەوە. ئەمەش مرۆڤی باوەڕدار ناهوشیار دەکاو دەسەڵاتداران لەبەرژەوەندی خۆیاندا سوودی لێوەردەگرن. سیگمۆند فرۆید باوەڕی وایە ئاین میکانیزمێکە مرۆڤ خۆی دایهێناوە بۆ (لابردنی ترس) لەم ژیانەدا تا خۆی لەنامۆیی قورتاربکات. بەبۆچوونی ئەمیل دۆرکایم ئاین کاری ئەوەیە کە (ناسنامە) هەم لەناو کۆمەڵگەدا و هەمیش لەگەردوندا بۆمرۆڤ دابین بکات. ئەبراهام ماسلۆ دەڵێت: ئاین (ئەزمونێکی سروشتی مرۆڤە) بۆ دیاریکردنی بەهای کۆمەڵایەتی، مانابەخشین بە ژیان و تێگەشتن لەبوونی مرۆڤ لەم دنیایەدا، تا بزانێت خۆی لەکوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێت.
3- هەندێکیتر باوەڕیان وایە کە ئاین دەرەنجامی زنجیرە فاکتەرێکە، نەك یەك فاکتەری وەك گەوهەرگەرا یان فرمانگەرا بووبێت بۆ دەرکەوتنی ئاین. هیچ شتێك بەتەنها لە رێگەی سیفەتێکەوە یان وەزیفەیەکەوە ناتوانرێت پێناسە بکرێت. واتە دەتوانین ئاین لە چەند گۆشەنیگاییەوە بخوێنینەوە کە کۆی ئەو دیدە جیاوازانە پێماندەڵێت ئاین چیە. فەیلەسوفێکی وەك لیدویگ ڤیتینگستن بۆناسینەوەی چیەتی ئاین وەك (خێزان و ئەندامەکانی) دەبینێت، تیایدا کۆمەڵێك هۆکار لە پەیدابوونی خێزاندا کە فاکتەری وەك تاك، کۆمەڵ، خۆشەویستی و واتای خێزانێتی رۆڵی تێدا دەگێڕێت. واتە ئاین هەروەك ئەزمونێکی تاکگەراییە، ئەزمونی کۆمەڵیشە، هەروەك ئاین دەبێتە هۆکارێك بۆ هوشیاربوونەوە و گەشەی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن، هەندێجاریش و لە هەندێ سەردەمیشدا دەبێتە هۆکاری ناهوشیاری و وەستاندنی ئەقڵی مرۆڤ و دەبێتە بەربەستی پێشکەوتن. هەروەك ئاین لەسەردەمێکدا خۆشەویستی دەخولقێنێت و پەیوەندی تاکەکانی ناو ئاینەکە پتەو دەکات، لەهەندێ سەردەمیتر و هەلومەرجیتردا ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا سەریهەڵداوە، لەبەریەکدی هەڵیدەوەشێنێتەوە. بۆیە

ڤیتینگستاین بە خێزانی دەچوێنێت، چونکە خێزانیش ئەو قۆناغانە بەخۆیەوە دەبینێت. لەسەرەتادا خێزانێکی پتەو، پڕ لەخۆشەویستی دادەمەزرێت، پاشان بەهۆی پرۆسەی هاوسەرگیری یان هەر هۆکارێکیترەوە بێت هێدی هێدی ئەو خێزانە پەرشوبڵاو دەبێتەوە.

## 10. جیهانبینی سێکیۆلاریسم و دیاردەی ئاین

گرنگی ئەو حەوت بنەمایەی پێشەوە لەوەدایە، کە بەهۆیانەوە دەتوانین ئاین بەگشتی وەك دیاردەیەك بخەینە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە و بەهۆیەوە ئاین وەك دیاردە بناسینەوە. هەرچەندە ئێمە ناتوانین هەر حەوت بنەماکە لە گشت ئاینەکاندا وەك یەك بدۆزینەوە. بۆ نمونە ئاینە سادە کۆنەکان کە نەنووسراونەتەوە، بنەمای دۆکتەرینی تێدا نابینرێتەوە. هەروەها ئاینی بوزی بەزۆری گرنگی بە رامان، رەوشت و دۆکتەرین دەدات و هێندە گرنگی بە ئەفسانە نادات.

جگە لەم ئاینانەی وا بەئاشکرا دەشێ بخرێنە چوارچێوەی دیاردەی ئاینەوە، ئیمرۆکە زانایانی بواری ئایینناسی، ئەو رێباز و بیرانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئاین و لە چوارچێوەی سێکولاریسمدا دەبینرێنەوە، گەر بێتو چەند بنەما یان چەند توخمێکی بنەماکانی ئاینی تێدا بەدیبکرێت، ئەو رێبازە یان دیاردەیە دەخەنە ناو خانەی ئاینەوە. چونکە هەمان توخم و هەمان مەبەست کە ئاین بەکاریهێناوە بۆ بەردەوامیدان بە بوونی خۆی، ئەو رێبازە نائاینیانەش[1] بەکاریانهێناوە.

مەرسیا ئەلیادە دەپرسێت: ئاخۆ مرۆڤی مۆدەرنە یان مرۆڤی سێکیۆلێر بەیەکجاری کاراکتەری ئاینی توڕداوە و خۆی لە ئەفسانە خاوێنکردۆتەوە؟ ئەو

[1]- مەبەستمان لە نائاینی، سێکیۆلاریسمیە.



دەڵێت نەخێر، چونکە مرۆڤی ئیمرۆکە درێژکراوەی مرۆڤی دوێنێکەیە. ئێمەش لێرەدا وەك نمونە دوو دیاردەی سێکیۆلاریسم دەخەینە بەر تیشکی ئەو بنەمایانەی کە ئاین خۆی لەسەر راگرتووە. تا لەو بۆچوونە تێبگەین بۆ دیاردە نائاینییەکانیش وەك دیاردەیەکی ئاینی لەلایەن پسپۆڕانی ئایینناسییەوە دەخوێنرێنەوە[1]:

- **ناسیۆنالیسم (نەتەوایەتی)**

هەروەك لە ناو دیاردەی ئاینیدا ریتوێلی بەکۆمەڵمان بەدیکرد، بەهەمان شێوەش لە ناو دیاردەی نەتەوەگەریدا ریتوێلی بەکۆمەڵ بەدیدەکەین. بۆ نمونە زمانی دایك، نەتەوایەتی، سڵاوکردن لە ئاڵا، یاد و بۆنەی نەتەوەیی، رێوڕەسمی دەرکەوتنی سەرکردەی نەتەوەیی، هەستی ئینتما بۆ باوان، قوربانیدان لە پێناو مانەوەی نەتەوەیەك، ئەمانە گشتیان جۆرێکن لە سرووتی کرداری بەکۆمەڵ و بەردەوام دووبارە دەکرێنەوە بۆ درێژەدان بەو مێژووە. ئەم دووبارە کردنەوەیە لە یادەوەری نەوەکانی داهاتوودا، دەبنە مایەی هێلانەوەی سیمبولەکانی ئەو نەتەوەیە[2]. هەمان دیاردەو هەمان وەزیفەیە، کە سرووتی ئاینی لەپێناو مانەوەی ئاینیدا دەیگێرێت. یادکردنەوەی سەرکردە نەتەوەییەکانی وەك کەمال ئەتاتورك لە تورکیا، مەهاتما گاندی لە هیندستان، مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە کوردستانی باشوور و قازی موحەمەد لە کوردستانی رۆژهەڵات، گشتیان کاراکتەری ئاینیان هەڵگرتووە.

ئەو سرود و گۆرانیانەی کە نەتەوەگەری لە کات و ساتی قەیراناویدا بەکاریدەهێنێت، هیچ جیاوازییەکی نییە لەو کاریگەرییە رۆحییەی کە سرودە

1 Ninian Smart, p. 25-30.
2 Ninian Smart, p.26-27.

ئاینیەکان، بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتی دینداران بەکاریدەهێنن[1]. ئەم کارەش دەکەوێتە ناو چوارچێوەی بنەمای سۆزگەراییەوە. دامەزراندنی ئینتمایەکی رۆحی بۆ تاکەکانی نەتەوەیەك لە سەر چیرۆکی ئەفسانەی میتۆلۆژی، دیسانەوە بنەمایەکیتری نەتەوەگەرییە. بۆ نمونە نەتەوەی کورد رەگوریشەی خۆی بۆ لای کاوەی ئاسنگەر دەباتەوە و ململانێی نێوان زوحاك و کاوە و ئەژدەهاکەی زوحاك، میتۆلۆژیایەکی باوی ناو کولتووری نەتەوەی کوردە. هەربەهەمان شێوە، زۆربەی نەتەوەکان میتۆلۆژیای تایبەتی خۆیانیان هەیە و ئینتمای خۆیان بۆ ئەوێ دەبەنەوە کە بۆتە هۆی دامەزراندنی هەستی ئینتما لەسەر بنەمایەکی ئەفسانەیی.

لە راستیدا ئەم جۆرە ئەفسانەیە ناسنامەی نەتەوەیی بۆ تاکەکانی ئەو نەتەوەیە دەخولقێنێت و دەبێتە ئایدۆلۆژیایەك و هەوێنێك بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە. گەر بەم دیدەوە لە نەتەوە بکۆڵینەوە، دەتوانین زۆربەی بنەماکانی ئاینی تێدا بدۆزینەوە. ئەمەو جگە لەوەی کە زۆرجار نەتەوەگەری توخمی ئاینێکی تایبەت لەخۆی دەگرێت و بەتەواوەتی نەتەوە و ئاین ئاوێتەی یەکدی دەبن، بۆ نمونە گەلی یەهودی یەکێکە لەو نەتەوانەی ئاین پێکیهێناوە. قوربانیدانی تاکەکانی نەتەوەیەك دیسانەوە بنەمایەکی مۆراڵییە کە لە پێناو مانەوەی نەتەوەکەی، خۆی دەکاتە قوربانی. ئەم بنەمایە زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، کە هەندێجار بۆ هاندان و هەندێجاریش بۆ شەرمەزارکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەکاریدەهێنن، تا بەرژەوەندی کەسی خۆیانی پێبپارێزن.

- **مارکسیسم (چینی کرێکار)**

نینیان سمارت دەڵێت، مارکسیسم هەر هێندە نیە کە بیرۆکەی فەلسەفی بێت، بەڵکو فەلسەفەیەکی بە دەزگاکراویشە و کۆمەڵێك بنەمای ئاینی لەخۆگرتووە.

1 Ninian Smart, p.27.



بۆیە بەبۆچوونی ئەو دەبێت مارکسیسم وەك ئایدیۆلۆژیایەك لەبەر تیشکی ئەو بنەمایانەی پێشو بخوێنرێتەوە. بۆ نمونە خوێندنەوەی مێژوو لای مارکس لەدیدی دیالەکتیکی مێژووییەوە کە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی پێ دیاری دەکات و دەیەوێت فریادرەسێك بۆ مرۆڤایەتی بخولقێنێت، بەبۆچوونی سمارت و هەندێ زانای دیکە، بنەمایەکی میتۆلۆژی لەو فەلسەفەیەدا بەکارهاتووە.

هەڵبژاردنی رەنگی سوور وەك سیمبولێك بۆ ئاڵای مارکسیسم، دیسانەوە بنەمای ریتوێڵ بۆخۆی دیاریدەکات. ئەمەو جگە لەو هەموو بۆنە و رێورەسمانەی بۆ یادەکانی مێژووی مارکسیسم وەك ریتوێلێك بەکاردەهێنرێن. هاوخەمی مرۆڤایەتی بۆ یەکتر، لە دیدی مارکسیسمەوە و گرنگیدان بە چینی چەوساوە، بنەمای مۆراڵ بۆ مارکسیسم دەخولقێنێت. ئەلیادە دەڵێت ئەو بۆچوونەی مارکس کە دەیەوێت کۆمەڵگەیەکی بێچین و مێژوویەکی بێگرژی بێنێتە ئاراوە، دەگەرێتەوە بۆ ئەفسانەی سەردەمی زێرین، کە لە پاشخانی گشت کولتوورێکەوە ئامادەی دەرکەوتنە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە، گەر دیاردەی ئاین بە درەختێك بچوێنین، ئەوا ئاین هەروەك درەخت، بە سێ قۆناغدا تێدەپەرێت: قۆناغی سەرهەڵدان، قۆناغی دروستبوون و قۆناغی سیسبوونە. لە نێوەندی ئەو قۆناغانەدا جیاوازی بەرچاو دەبینرێت. هەمان کاراکتەری قۆناغبەندی لە دیاردە سێکیۆلاریەکانی وەك نەتەوەگەری، مارکسیسمی...هتد دەبینرێتەوە. ئیدی بەگشتی دیاردەی ئاینی و نائاینیش ئەو رۆڵە بۆ مرۆڤ دەگێرێت کە مرۆڤ بوونی خۆی لەم بوونەوەرەدا بتوانێ دیاری بکات و لە هەمانکاتیشدا چۆن لەتەکیدا مامەڵە بکات[1].

1 Ninian Smart, p.30.

# بەشی دووەم

## 11. مرۆڤ و دیاردەی ئاین

هەروەك لە پێشەوە بۆمان دەركەوت، لەوەدەچێت ئاین دیاردەیەكی گەردوونی بێت، لەپێناوی بەردەوامیدان بە ژیانی مرۆڤ سەریهەڵدابێت. دیاردەی لەدایكبوون، مردن، ئازارو ئەشكەنجەی ژیان و پەیوەندی مرۆڤ بە گەردوون و سروشت و دەورووبەریەوە، مرۆڤ والێدەكات كە ڕێبازێك بۆخۆی داهێنێت، تا بتوانێت ئاسودەیی وەدەستبێنێت. لەگەڵ ئەوەی لێرەدا دیاردەی ئاین وەك بەشێكی ئاشكرای ئاین دەخەینە روو، وەلێ هێشتا نەمانتوانیوە گەوهەرو بنەڕەتی ئاین، لەناو ناخ و رۆحی مرۆڤدا بناسینەوە.

ئایا دەتوانین لە نێوەندی ئەو گشت ئاینە جیاوازانەدا، گەوهەرو هەقیقەتی ئاین وەك دیاردەیەكی گشتی بەدەستبهێنین؟ ئاخۆ بتوانین لەو ڕێگەیەوە پێناسەیەكی گونجاو بۆ ئاین دانێین؟ دەبێت لەوەش ئاگاداربین، كاتێ كە پێناسە بۆ ئاین دیاریدەكەین، مەبەست لە ئاینێكی تایبەت نیە، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە لەكۆی گشت ئاینەكانی دونیا، دیاردەیەك وەردەگیرێت كە لەو دیاردەیەدا خاڵی هاوبەشی گشت ئاینەكان ببینرێتەوە. چاكتروایە لەسەرەتادا لە چەند گۆشەنیگایەكەوە لە ئاین بڕوانین، ئەوجا هەوڵدەدەین كە پێناسەیەكی گشتی بۆ ئاین دیاریبكەین.

ئاین بەگشتی دوو دیوی لەخۆگرتووە كە یەكێكیان ئاشكرایە و ئەویتر شاراوەیە. رونتر بڵێم دیوێكیان گەردوونیەو دیوەكەی تریان بوونگەرییە. هەروەك



لەبەشی یەكەمدا روونمان كردەوە كە چۆن ئاین لەدرەختێك دەچێت و رەگی شاراوە و قەدو لقی ئاشكرای لە خۆگرتووە. ئەو زەمینەیەی كە رەگ خۆی تیا چەسپاندووە، چوواندمان بە (بوون) كە رەگ لەوێوە خۆراك وەردەگرێت و رەگیش بەوهۆیەوە، تەواوی درەختەكە خۆراك دەدات. تیشكی خۆریش كە دەتوانین بیچووێنین بەو گەردوونەی چۆن درەخت دەبوژێنێتەوە و تیشكی پێویستی بۆ دابین دەكات، ئاوهاش بوونەوەر تیشك و ئاماژەیەكە، تا ئاینیش هێزوتینی خۆی لێوەرگرێت.

گشت ئاینێك بۆچوونێكی تایبەت بەخۆی سەبارەت بە گەردون دەخاتەڕوو. باوەڕی ئەو ئاینە بەخودایەك، ئیتر ئەو باوەڕە هەرچۆنێك بێت، گرنگ نیە. ئەو ئاینە لەو باوەڕەدایە كە مرۆڤ وا لەناو گەردوونێكی فراوانی ڕێكخراودا و لەهەمانكاتیشدا ئەو ئاینە خواستێكی ئەخلاقیشی لەخۆگرتووە. هەریەكە لەو ئاینانە وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەدەنەوە كە چۆن لەتەك مرۆڤەكانی ترو گیانلەبەران و دەوروبەردا هەڵسوكەوت بكەن، ئەم دیوەیان دەكەوێتە خانەی (كۆسمۆسی- گەردوونی)یەوە. ئەمەو جگە لەوەش كە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات خۆی بە بوونەوەرێكی تری پیرۆز و جیا لە خۆی، مەزنتر یان جیا لەم بوونەوەرە، ببەستێتەوە. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەو بوونەوەرە نەبینراوە شاراوەیە -وەك دەڵێن غەیبیە- چۆن پەیوەندی بەم گەردوونە مادیە بینراوەوە دەكات؟ ئەم دیوەشیان دەكەوێتە خانەی (ئەنتۆلۆژی - بوونگەری)یەوە. رەنگە پرسیارەكە بەپێچەوانەوە بكرێت: مرۆڤ چۆن پەیوەندی بەو بوونەوەرە شاراوەیەوە دەكات؟ چۆن مرۆڤ وەك هەبوویەك دەگاتە بوون؟

ئەم بۆچوونەی سەرەوە وامان لێدەكات بڵێین، كە ئاین ڕێگایەكی ژیانە و مانا بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێت، دەكرێت ئەم بۆچوونە یان ئەم باوەڕە، بە ڕێگەی زانستی بسەلمێنرێت؟ ئەو سەلماندن و نەسەلماندنە بۆ ئاین، نە گرنگە و نە

بایەخێکی ئەوتۆیشی دەبێت. چونکە لێرەدا ئاین وەك بەهایەکی مرۆیی دەخوێنرێتەوە و هەڵدەسەنگێندرێت. هەڵسەنگاندنی بەها و مانا بەخشین بەژیان، هیچ پەیوەندیەکی لۆژیکی لەگەڵ تاقیگەری (ئەمپیریسمی)دا نیە و بەتەواوەتی پێکهاتە و بوونی سەربەخۆی هەیە و جیاوازە لە جیهانی تاقیگەیی. ئەم بۆچوونە سەر بۆئەوە دەکێشێت کە ئاینگەری ئەزمونێکی مرۆییە و بە ئینتمای رۆحی مرۆڤەوە پەیوەستە. ئەم جۆرە ئەزمونە، مرۆڤ ناتوانێ راستێتی یان نادروستێتی لەناو تاقیگەیەکدا یان بە بەڵگەی ئەقڵی بسەلمێنێت، چونکە مرۆڤ ئەم دۆخەی بەشێوەیەکی سروشتی هەیە و لەگەڵیدایە. هەرکاتێ بنەڕەتی ئاین وەك ئەزمونێکی مرۆییانە بینرا، ئیدی قسەکردنە لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤ، کە سەر بەرەو کۆمەڵێك چەمك و مانا دەکێشێت و کۆمەڵێك پرسیارگەلی وەك ناوەکی و دەرەکی، جەستەو رۆح و کەسی و گشتی دەوروژێنێت کە ئەمپیریسمی توانای بەسەریدا ناشکێت[1].

لەو روونکردنەوەیەی پێشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێین ئاین وەك دیاردەیەکی ئاشکراو دەرەکی ئەو حەوت بنەمایە بوو کە خستمانە روو، بەڵام لایەنە شاراوەکەی ئەو ئەزمونەیە کە رۆحی مرۆڤ، وەك ئینتمایەك بۆ هەقیقەتی بوون لەم بوونەوەرەدا، پێویستی پێیەتی. لەو ئەزمونە مرۆییەشدا دوو دیوی ئاشکراو شاراوە کاریگەریان لەسەر مرۆڤ دەبێت. ئەو دوو دیوەش گەردوونی ئاشکرا (کۆسمۆس- گەردوونی) و بوونی شاراوە (بوون - ئەنتۆ) بەشداری دەکەن.

گەر بە شێوەیەکی دی دیاردەی ئاین بناسێنین، یان لەگۆشەنیگای ئەزمونی مرۆییەوە نەك بنەما دەرەکیەکان کە لە بەشی دیاردەی ئاین تیشکمان خستەسەر، ئەوا دەکرێت بڵێین لە گۆشەنیگای **باوەڕ و ماناو بەهاوە ئەو ئەزمونە ئاینییە وەك دیاردەیەك بخوێنینەوە. فینۆمینۆلۆژیای ئاین بایەخ بەم دیوە نادیارەی ئاین دەدات و وەك دیاردەیەکی بەنرخی مرۆڤایەتی شیدەکاتەوە و نایخاتە ناو چوارچێوەی زانستی تاقیگەییەوە. چونکە ئەزمونی ئاینی هەروەك ئەزمونی فەلسەفی، ئەزمونێکە لە خولگەی بیرکردنەوەی هەمەکیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام زانست کە خۆی لە سەر تاقیگا راگرتووە، لە خولگەی بیرکردنەوەی هەندەکدا خۆی دەبینێتێتەوە. واتە زانست لەناو گەردوندا کاری خۆی ئەنجام دەدات، وەلێ ئاین و فەلسەفە بابەتی خۆیان لە ناو بووندا ئەنجام دەدەن. ئێستا هەوڵدەدەین بەکورتی فینیۆمینۆلۆژیا و پەیوەندیداری بەم باسەوە روونبکەینەوە.**

1- Michiel Leezenberg, *Rede en religie*, Amsterdam, 2007, p.15-17.



## 12. فینۆمینۆلۆژیای ئاین

بۆئەوەی بتوانین ئاین وەك ئەزمونێکی مرۆیی بخوێنینەوە، پێویستمان بە میتۆدێکی فەلسەفی دەبێت کە جیا لەو میتۆدانەی ئاین وەك دیاردەیەکی ئاشکرا و بەردەست دەخوێنێتەوە. ئەو رێبازەی دەتوانێ ئەو ئەزمونە بخوێنێتەوە، فینۆمینۆلۆژیایە. ئەم چەمکە لە دووبەش یان دوو وشە پێکهاتووە: وشەی یەکەم (فینۆمین)ە کە لە وشەی فاینۆمای (phainomai) گریکیەوە سەرچاوەی گرتووە، واتای (من خۆم ئاشکرا دەکەم) دەگەیێنێت، وشەی دووەم (لۆژی)ە کە مانای زانست دەگەیێنێت. واتە ئەم چەمکە مانای (زانستی دیاردە) یان (دیاردەناسی) دەبەخشێت. پرسیاری بنەڕەتی فینۆمینۆلۆژیا ئەوەیە کە ئاخۆ لەپشتی هەبووەکانەوە چ بنەڕەتێکی بوون خۆی شاردبێتەوە. پرسیاری فینۆمینۆلۆژیای ئاینیش ئەوەیە کە ئاخۆ لەپشتی دیاردەی ئاین چ ئەزمونێکی ئاینی خۆی شاردبێتەوە.

فینۆمینۆلۆژیا جیا لە رێبازەکانیتری وەك سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و هیستۆریای ئاین، خۆی بە کاراکتەری کۆمەڵایەتی یان فاکتەری سایکۆلۆژی یاخود نەشونمای ئاین لە ناو مێژوودا خەریك ناکات، بەڵکو بەزۆری خۆی بەوەوە خەریك

دەکات کە ئاین، وەك دیاردەیەك لە ڕێگەی بابەتەکانی ئاین، سرووتەکانی ئاین، فێرکردنەکانەوە (تەعالیم) و ڕەفتارە ئاینیەکانەوە، بناسێنێتەوە.

ئەم ڕێبازە بۆ توێژینەوە پێیدەوترێت (فینۆمینۆلۆژیای وەسفکاری — Descriptief fenomenology) چونکە ئەم میتۆدە زانستیە هەوڵدەدات، زانیاری لەسەر ئاینە جۆراوجۆرەکان کۆکاتەوە و لەو ڕێگەوە دەیەوێت هەندێ لەو دیاردانە دیارییکات کە کاراکتەری ئاین دەستنیشاندەکەن. ئەم جۆرە میتۆدە ئیمڕۆکە، زیاتر لە کارەکانی (نینیان سمارت) (1927-2001) و (میرسیا ئەلیادە) (1907-1986) دا دەبینرێتەوە. میتۆدی فینۆمینۆلۆژیا لەناو فەلسەفەدا لەلایەن ئیدمۆند هۆسرەلەوە (1859-1938) وەك زانستێك دامەزرێنرا. ئیتر ئەم ریبازە لەناو گشت بوارەکانی فەلسەدا بەکاربراو فەلسەفەی ئاینیش لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بێبەش نەبووە.

ئەم ڕێبازە ئەوەی بەباشزانی کە لەبری ئەوەی خۆی بە چۆنیەتی باوەڕی هەڵگرانی ئاینەوە خەریك بکات، هەوڵدەدات بابەتیانە لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا، دیاردەی ئاین بخوێنێتەوە. فینۆمینۆلۆژیا لەهەمانکاتدا هەوڵی ئەوەش دەدات ئاین لەناوەوەڕا تیبگات. توێژەرانی ئاین کۆشش دەکەن وەك هەڵگرانی ئەو ئاینە بژین و بیربکەنەوە تا بتوانن لەو ئاینە وەك خۆی چۆن کاریگەری لەسەر ئەو مرۆڤانە داناوە، تێبگەن. چونکە فینۆمینۆلیژستەکان دەڵێن بۆئەوەی قورتاربین لە بڕیاری پێشوەخت و خۆمان بەدووربگرین لەوەی کە خۆمان حەزدەکەین بیبینین و خۆمان ئەوەی دەمانەوێت دیارییبکەین، باشتر وایە لەگەڵ ئەو ئایندارانە و لەناویاندا بژین تا بتوانین مانای فراوانتر لەوەی کە خۆمان بەتەماین، دەستخەین[1].

1- Christopher Partridge, *Handboek van de wereldgodsdiensten*, Kampen, Kok, 2006.



فینۆمینۆلۆژیا باوەڕی وایە کە مەعریفەی شتەکان واتە هەبووەکان (موجودات) جیایە لە مەعریفەی بوون (وجود). زانست خۆی بە هەبووەکانەوە خەریك دەکات، وەلێ فەلسەفە خۆی بە بوونەوە خەریك دەکات. بوون خۆی لە سەبژێکدا (خودێکدا) دەبینێتەوە، چونکە بوون ئەزمونێکی مرۆییە و ناکەوێتە بەردەست و تاقیگاوە. بەبێ ئەو ئەزمونە مرۆڤ نە هەست بە بوونی خۆی دەکات نە بەگەردوونیش. هەربۆیە هۆسرەل دەڵێ، گەردوون بەبێ سەبژێکت نیە و سەبژێکتیش بەبێ گەردوون نابێت[1].

## 13. ئەقڵگەری و ئاینگەری

چەمکی ئەقڵ یان ئەقڵگەرایی زۆر کۆن نیە و لەسەردەمی مۆدەرنەدا، کە زانست تیایدا سەریهەڵداوە، ئەویش دەرکەوتووە. لە کۆندا لەبری وشەی ئەقڵ وشەی تر بەکارهاتووە. لەسەرهەڵدانی مۆدەرنەوە، زانست بووە هاوشان و پارادایمیی ئەقڵگەرایی. تا سەردەمی فەلسەفەی مۆدێرنە وەها بینراوە کە ئەقڵ توانستێکی ڕۆحە و وەك تێرمێك، بۆ لێکدانەوەی میتافیزیکی و ئەنتۆلۆژی بەکارهاتووە. واتە خوێندنەوەی ئاینیش هەر لەو چوارچێوەیەدا بینراوەتەوە. لە پاش سەردەمی مۆدەرنەوە و تا هەنوکەش بەهۆی کاریگەری ئیمپریسمیەوە، ئەقڵ وەك بەشێکی ڕۆح نابیننەوە. لەم سەردەمەدا ئەقڵ وەك شێوازێکی بیرکردنەوە و بەڵگە خستنەروو دەبینرێتەوە، یاخود بەرپرسانەو ڕاستگۆیانە بۆچوونەکان ئاشکرا دەکرێن[2].

ئەقڵ توانستێکە لە مرۆڤدا، پرسیار دەوروژێنێت جا پرسیارەکان لۆژیکی بن یان مەعریفی گرنگ نیە و، هەریەك لەو پرسیارانە مەودای تایبەتی خۆیان هەیە. ئەو پرسیارە لۆژیکیانەی کە دێنە گۆڕێ ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو چەمك و ئارگومێنت

1- ئازاد قەزاز، کەلامی ئەبەدی خودا لەکوێدایە؟ 2008، ل 14.
2- Michiel Leezenberg, p.19.

و بەڵگانە چین وا مرۆڤی گەیاندۆتە بڕوایەکی تایبەت؟ پرسیارەکانی تیۆری مەعریفیش ئامادە دەبن، کە دەیانەوێ راستێتی ئەو بڕوایە بسەلمێن. پرسیاری تیۆری مەعریفی لەو چاوگانە دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤ مەعریفەی خۆی لەسەر بنیات دەنێت، بۆ نمونە چاوگەکانی زانیاری وەك (سەرنج و وردبوونەوە، هەستی ناوەکی، سۆفیگەری، سروش و زانیاری دەماودەم)ن و کامەیان لەوانە پتر گرنگیان پێدەدرێ و بە رەسەن دەزانرێت. پرسیاری لۆژیکیش ئەوەیە کە لە رێگەی چ جۆرە بیرکردنەوەیەك بووە، وا مرۆڤی بەو بڕوا مەعریفیە تایبەتە گەیاندووە[1].

ئەگەر ئەقڵ لە دیدێکیترەوە و لە گۆشەنگای زانستی سروشتیەوە بخوێنینەوە، ئیدی ئێمە ناتوانین مانا یان ئەزمونی ئاینی یان ئەزمونی رۆحی لێوەرگرین، چونکە زانست لەمڕۆدا هیچ مانایەك بۆ سروشت ناهێڵێتەوە، وەك دیاردەیەکی میکانیکی بێماناو بێمەبەست دەیخاتە روو. مانادان بە ژیان و بەهای ئەزمونی رۆحی، لەناو ئێتیکدا (رەوشت) دا خۆی دەبینێتەوە. هەربۆیە دەبێت ئەقڵ لێرەدا لە دۆخێکیتردا لۆژیك و مەعریفەی خۆی بنوێنێت[2].

ئەگەر ئەقڵ چاوگێکی مەعریفی وابێت کە لە چاوگی مەعریفی ئاین جیاواز بێت، دەشێت، هەروەك چۆن ئاین سرووتی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەقڵیش بەهەمانشێوە سرووتی تایبەت بەخۆی هەبێت؟ واتە کردارێك کە بەردەوام دووبارەبێتەوە و مانایەکی تایبەتی بە مرۆڤ ببەخشێت. بەگوێرەی بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی یۆرگن هابەرماس دەڵێت، بەڵێ دەگونجێت. ئەویش لە رێگەی دیالۆگەوەیەوە (حوار). بەهۆی دیالۆگەوە مرۆڤەکان دەتوانن ئەقڵێکی دروست دامەزرێنن[3]. دەکرێت دووبارەبوونەوەی دیالۆگ ببێتە سرووتێکی بەردەوام و ئەقڵگەری وەك ئاینگەری بەوچەشنە خۆی بهێڵێتەوە.

1- Michiel Leezenberg, p.20.
2- Michiel Leezenberg, p.21.
3- Azad Raouf, *God van opgang tot ondergang*, Nijmegen, 2007, p.42.



گەر گەشتینە ئەو دەرەنجامەی کە هەربوارێك ئەقڵگەرایی خۆی هەبێت، ئیدی ناگونجێت بڵێین ئەقڵ و ئاین دژ بەیەکن، خۆ ئەگەر ئەوەش بدرکێنین کە ئەقڵی زانستی و بیری ئاینی دوو دنیای جیاوازن، ئەوا ئەوەش ناگونجێت کە بڵێین دەبێت ئاین بە زانست بسەلمێنرێت، چونکە ئاینگەریی دیاردەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە و بەستراوەتەوە بە مانا بەخشین بە ژیان و وەڵامدەرەوەی پرسێکە، کە جێگە بابەتی زانست نیە. زانست لە هەبووەکانی ناو ئەم بوونەوەرە دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئاین هەروەك فەلسەفە، لە هەبووەکانەوە سەر بەرەو بوون بەرز دەکاتەوە.

بابەتی داهاتوو وەڵامی ئەو پرسیارەیە: ئاخۆ ئەقڵ دەتوانێت ئەزمونی ئاینی بسەلمێنێت، ئایا ئاین دەکەوێتە بازنەی ئەبستمۆلۆژیاوە (تیۆری مەعریفە)؟

## 14. ئەبستمۆلۆژیا و ئاین

لێکۆڵینەوە لە چەمکە ئاینیەکانی وەك خودا، رۆح، ژیانی پاش مردن و ئەو چەمکانەی دی کە ناکەونە بەر هەستەکانمان و هەوڵدان بۆ دیاریکردنی بەها و نرخی زانستی ئەم چەمکانە، قسەکردنە لەسەر تیۆری مەعریفە (ئەبستمۆلۆژیا). بۆ نمونە پرسیاری وەك: ئایا ئەم گوتانە فایتێك (هەقیقەتێك) ئاشکرا دەکەن؟ ئەگەر وایە، چۆن بتوانین بزانین کە ئەوانە راستن؟ داخۆ باوەڕی ئاینی لە رووی ئەقڵگەراییەوە راستێتی خۆی وەردەگرێت، یان هەرتەنها دۆگمایە؟ یان باوەڕی ئاینی لە راستیدا بۆچوونێکی نائەقلانیەو تەنها لە رێگەی کەسێکی باوەڕپێکراو یان دەقی باوەڕپێکراوەوە وەرگیراوە؟ بەم جۆرە بۆچوونە چ جۆرە راستێتیەك دەبەخشرێت؟ هەرکاتێ مرۆڤ ئەم جۆرە پرسیارانە بخاتەڕوو، ئەوا لە روانگەی ئەپستمۆلۆژیەوە لە پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئاین دەکۆڵێتەوە.

هەندێ ئایندار بەجۆرێك دەقی بە ئاینەکەیەوە گرتووە و هەست و سۆزی بۆ ئەو ئاینە جولاوە، تا ئەو رادەیەی پێویستی بەوە نەماوە راستێتی ئاینەکەی بۆ

بسەلمێنرێت. بە پێچەوانەشەوە ئەتەیەستی (بێباوەڕی) وا هەیە ناتوانێ بەو جۆرە گوتانەی کە بنەمایەکی زانستی یان ئەقڵی پتەوی نەبێت، قایلبێت.

ئەگەر ئارگومێنت و بەڵگەکانی باوەڕدارێک لەڕووی زانستیەوە پتەو نەبێت، بۆچوونی ئەتەیستێکیش بەهەمانشێوە لە باوەڕی ئایندارێک پتەوترو زانستیانەتر نیە. هەرکاتێ ئەو پرسیارەت کرد کە ئەم دوو بۆچوونە کامەیان راستن، یان چۆن ئەم دوو بۆچوونە لە ئاستی یەکدیدا بەرپرسانە بجولێینەوە، ئەوا تۆ خۆت لە بواری تیۆری مەعریفەیدا دەبینیەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئەپستمۆلۆژیادا سێ پرسیاری گرنگ وەڵام بدەینەوە:

**1. تا چ رادەیەک باوەڕی ئاینی جۆرێکە لە مەعریفە، رونتر بڵێین چ جۆرە سەرچاوەیەک یا دەسەڵاتێکی مەعریفی پشتگیری بۆچوونی ئاینی دەکات؟**

لە گشت لایەک ئاشکرایە سەرنجدان[1] و زانیاری وەرگرتن یاخود ئەزمون، رۆڵێکی گرنگ لەبەدەستهێنانی مەعریفەدا دەبینێت. وەلێ گەر سەرنجدان بەسەرچاوەکانی تری وەک مەعریفەی ئەقڵی، پەیامی کەسانی دی یان سروشی ئاینەکان بەراورد بکەین، تا چ ئاستێک گرنگ و باوەڕپێکراو دەمێنێتەوە؟ بەگوێرەی نەریتی ئیمپیریسمی نوێ سەرنجدان رۆڵێکی سەرەکی لە بەدەستهێنانی مەعریفەدا دەگێرێت و بە دواهەمین هۆکار و بەرزترین راستی دەبینێت، ئەگەر چی سەرچاوەی تری ماریفی هەن و باوەڕپێکراون، بەڵام بۆ ئیمپیریستەکان جگە لە مەعریفەیەک کە لەسەرنجدانەوە وەدیهاتبێت، بایەخی نیە و جێگەی متمانەی ئەوان نیە، ئەم رێبازە لە بیرکردنەوە بە ئەزمونگەری یان تاقیگەیی ناسراوە. لەبەرامبەر ئەم رێبازەدا، رێبازی ئەقڵگەری سەریهەڵدا و هەوڵیدا لە دەسەڵاتی ئەزمونگەرەکان کەمکاتەوە و بایەخ بۆ ئەقڵگەری بگێڕێتەوە.

[1]- مەبەست لە سەرنجدان لێرەدا لەڕووی زانستیەوەیە کە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی تاقیگاوە واتە سەرنجدانێکی ئەمپیریسمی.



ئەقڵگەراکان بەپێچەوانەوەی ئیمپیریستەکان، بایەخێکی زۆر بە سەرچاوەی تری مەعریفی دەدەن، کە ئەزمون یان تاقیگە رۆڵی سەرەکی تێدا نابینێت. بۆ نمونە زانستی ماتماتیکی کە سەرچاوەکەی ئەقڵە، بەبۆچوونی دوو فەیلەسوفی وەک (ئەفلاتون) و (کانت) باوەڕپێکراون و لە سەرنجدانیشەوە وەرنەگیراون. لە ژیانی رۆژانەدا مرۆڤ لە رێگەی دایک و باوک و هاوڕێ و مامۆستاوە، زۆر شت فێردەبێ و مەعریفەش وەردەگرێت و نە لە رێگەی سەرنجدانەوەیە و نە لە رێگەی ئەقڵیشەوەیە[1].

زانست لەپێشەوە گرفتێک دەستنیشان دەکات، پاشان هیپۆتەیسێک (گریمانە) وەک چارەسەر دەخاتە روو، دواجار ئەو هیپۆتەیسە دەخرێتە بەر رەخنە. هەرکاتێکیش کە هیپۆتەیسێک بۆ رەخنەلێگرتن ئامادە نەبێت، ئەوا بە ئەقڵانی دانانرێت، واتە ناچێتە چوارچێوەی زانستەوە. مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە ئاین یان ئەزمونی ئاینی نایێتە ژێرباری رەخنە و تاقیگاوە، بۆیە ناشێ ئاین وەک مەعریفەیەک لە چوارچێوەیەکی زانستیدا دابنرێت[2]. پوختەی وتە ئەوەیە کە ئەقڵگەرایی توانستێکە، مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بیربکاتەوە، تا بتوانێ بەتێگەشتن و ئارگومێنتەوە، دیاردە و شتەکان بناسێتەوە، تێبگات و شرۆڤە بکات. لەم چوارچێوەیەدا ئاین یان ئەزمونی ئاینی دەتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە، بێئەوەی دژوارییەکی لەتەک ئەقڵدا بۆ بخولقێت، بەمەرجێک ئەو ئاینە بۆ رەخنە و تازەگەری کراوە بێت، چونکە ئەزمونی ئاینی، ئەزمونێکی مرۆڤانەیە و زەمینە سازکردنە بۆ ئایندەی مرۆڤ، کە مرۆڤ لە گشت سەردەمێکدا پێویستی بەم جۆرە هیوایانە دەبێت.

1- Michiel Leezenberg, p.28.

2- Azad Raouf, p. 29.

## 2. تا چ رادەیەك بەڵگەی ئەقڵی بۆ سەلماندنی بوونی خودا دەستدەکەوێت؟

ئەگەر ئێمە وەك لە پێشەوە گوتمان، ئاین ڕەوایەتی خۆی لەناو زانستدا وەك ئەزمونێکی مرۆیانە وەرگرێت، کەواتە جەوهەری ئاین کە وەك ڕۆدۆلف ئۆتۆ دەڵێت، ئاین بە خوداوەندیەوە یان بە پیرۆزگەرییەکەوە پەیوەستە، ئەدی بیرۆکەی ئەو خودایەتیە یان پیرۆزگەریە ڕەوایەتی خۆی لەکوێوە وەردەگرێت؟

سەردەمی پێش مۆدەرنە، بەگشتی بیرمەندەکان باوەڕیان وابووە کە نەك ئەقڵ و ئاین دژ بەیەکدی نین، بەڵکو باوەڕیان وابووە کە ئەقڵ لەخزمەتی ئایندایە و هارمۆنیەکی تەواو لەنێوانیاندایە. ئەوان باوەڕیان وابووە دەتوانن بە ئەقڵ بوونی خودا و سیفاتەکانی خوداش بسەلمێنن. واتە ئەقڵ لە خزمەتی پیرۆزگەرییدا بووە. لە ریزبەندیدا ئەقڵ لە چاو ئایندا پلەی دووەمی وەرگرتبوو.

لە سەرەتای سەردەمی مۆدەرنەوە کە بە رینیە دیکارت دەستپێدەکات، هاوکێشەکە واتە هاوکێشەی پەیوەندی ئەقڵ و ئاین، دەگۆڕێت. لەو گۆڕانەدا ئەقڵ دەبێتە پلەی یەکەم و مەعریفەی ئاینی پلەی دووەم وەردەگرێت. لەبەر تیشکی ئەقڵدا، ئاین و کتێبە پیرۆزەکان دووبارە خوێنرانەوە. لای هەندێك فەیلەسوفی وەك دیڤید هیوم، کار گەشتە ئەوەی کە نەك هەر ئاین پلەی دووەم لەو ریزبەندیەدا وەرناگرێت، بەڵکو هەر مەعریفەیەك لە ئەقڵگەرییەکی ئەزمونگەرییەوە وەدەست نەهاتبێت، ڕەتبکاتەوە. بەڵام هەندێ فەیلەسوفی دی وەك کانت، باوەڕیان وابوو ئەو بۆچوونەی هیوم بۆچوونێکی توندڕەوانەیە لە ئەقڵگەریدا و مرۆڤ هەر بەتەنها هەڵگری کاراکتەری ئەقڵی نیە و کاراکتەری مرۆییانەی تری لەخۆگرتووە، بۆیە نابێت هەر تەنها ئەزمونگەری سەرچاوەی مەعریفی مرۆڤ بێت و دەبێت بایەخ بۆ سەرچاوە مەعریفیەکانیتریش دابنرێت. لەمەودوا هەوڵدەدەین بەکورتی بۆچوونی هیوم و کانت شرۆڤە بکەین.



**دیڤید هیوم**

(هیوم) ئەگەرچی باوەڕی وابوو، کە ئاین دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵایەتیە و پەیوەستە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە، واتە هزری مرۆڤ لە ئاینی فرەخوداییەوە بۆ ئاینی یەك خودایی گوێزراوەتەوە، بەڵام باوەڕیشی وابووە، کە هەرگیز بەئەقڵ بوونی خودایەك وەك خاڵق، ناسەلمێنرێت، هیوم وەك خۆی لێرەدا دەڵێت:

**سەرنجدانی گەردوونێکی دروستکراو، ڕاستەوخۆ ئەوەی لێهەڵناهێنجرێت کە خودا دروستی کردبێت. ئەوەی لەو دروستکردنەوە وەردەگیرێت، ئەوەیە کە بوونەوەرێکی نەخشەکێش یان دروستکەر بەدیهێنابێت. ئەم بۆچوونە زۆر جیاوازە لەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئەو دروستکەرە جگە لەو خودایەی ئەوان ناوی دەبەن، هیچی تر نیە. ئەم بەڵگانەی ئەوان بۆ سەلماندنی خودای خۆیان لاوازن. ئەو جۆرە بەڵگانەی کە دەیەوێت بیسەلمێنێت خالقێك ئەم گەردونەی دروستکردووە، سەربەرەو پرسیاری بێکۆتا دەکێشێت، وەك ئەوەی کێ ئەو خالقەی دروستکردووە؟ بۆیە هیوم ئەم جۆرە بەڵگەکاریە بەهەڵە دەزانێت[1].**

**ئەو بەڵگەیەی کە گەردوون بە ئامێرێك دەچوێنێت و لەوێوە دەیەوێت بگاتە ئەوەی کە هەموو دروستکراوێك دروستکەرێکی هەیە، بەبۆچوونی هیوم نەگونجاوە لەگەڵ بوونی خودایەکدا. ئەو دەپرسێت ئاخۆ دەتوانین دروستکردنی کاتژمێرێك بکەینە بەڵگە، بۆ دروستکەرێکی وەك خودا کە گەردوونێکی بێسنوری خولقاندبێت؟ دەکرێ سەعاتێك لە گەل گەردوونێکدا بەراورد بکەین؟ ئایا ئەم بەڵگەیە دروستە؟ ئەی بۆ نابێت گەردوون بە درەختێك یان هەر ئۆرگانێکی تری زیندوو بچوێنین نەك بە کاتژمێرێك؟ چونکە ڕووەك دروست**

---

1- Alister E. Mcgrath, *Christian Theology*, an introduction, Blackwell, Oxford, 2007, p. 192.

**ناكرێت، گەشە و نەشونما دەكات. ئایا ئەم بۆچوونەیان بۆ ناساندنی خودا گونجاوتر نیە، لەبری ئەوەی خودا وەك دارتاشێك یان سەعاتچیەك بناسێنین؟**

كە لە قسەكانی هیوم ورد دەبیتەوە، تێدەگەیت كە نەشونمای رووەكێك كە خۆڕسك و سروشتیە و بۆ ناساندنی خودایەك زۆر گونجاوترە لەوەی وەك وەستایەك یان سەعاتچیەك بیناسێنین. چونكە سەعات دروستكردن مرۆڤكردە و لەگەڵ كاری خودا بەراورد ناكرێت.

### ئیمانوئێل كانت

ئەو فەیلەسوفەی كە توانی لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا واتە ئەقڵی ئەزمونگەری (ئیمپیرسمی) و ئەقڵگەری رووت، هاوسەنگی راگرێت، فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانوئێل كانت) بوو. كانت لەلایەكەوە لە ئەمپیریستەكان تێدەگەیشت و راستێتی ئەوانی بەدیدەكرد و لەلایەكی تریشەوە لەوە تێدەگەیشت كە ئەقڵگەری ناكرێت تەنها لە ئەزموگەریدا كورتبكرێتەوە، چونكە كانت بوونی خودایەك بۆ كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گرنگ دەبینێ. كانت جارێكی تر لەناو زەینی مرۆڤ خۆیەوە لە مەعریفەی ئاینی روانیەوە و لە گۆشەنیگای ستراكتوری ئەقڵی مرۆڤەوە جارێكی دی لە چەمكی خودا ورد بویەوە. كانت وای بۆدەچوو كە فیكرەی خودا لە ئاوێنەی ئەقڵی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە، بەڵام لە توانای ئەقڵدا نیە بیسەلمێنێت. فیكرەی خودا بەبۆچوونی كانت فیكرەیەكی پێشوەختە و بەردەوام لەگەڵ ئەقڵدا ئامادە دەبێت، وەلێ نە بۆی دەسەلمێت و نەبۆیش ئینكار دەكرێت.

كێشەی كانت لەوەدا بوو، چۆن بتوانرێ گوتاری میتافیزیكا یان ئەزمونی ئاینی، زانستیانە قسەی لەسەر بكرێت و لەهەمانكاتیشدا ئەو بابەتە خۆی بابەتێكی زانستی تاقیگایی نەبێت؟ بۆیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، ئەو



گەڕایەوە بۆ لای پێكهاتەی خودی ئەقڵ. بە بۆچوونی كانت، بناغەی مەعریفەی نائەمپیری لە پێكهاتەیەكی پێشوەخت (ئاپیریۆری) لەناو ئەقڵدا گوزارشتی لێدەكرێت. چونكە مەعریفەی ئاپیریۆری، مەعریفەیەكی پێكنەهاتووە (سینتەتیكی)یە. واتە لەرێگەی سەرنجدان و لێكدانەوە پەیدا نەبووە، پێش بیركردنەوەش هەر هەبووە، كەواتە دراوە. چونكە مەعریفەی شیكاری (ئەنالەتیكی) كە كانت ناوی ناوە مەعریفەی پاشوەخت (ئاپۆستریۆری)، پاش بیركردنەوە و لێكدانەوە پەیدا دەبێت.

لێرەدا كانت دەگاتە ئەو دەرەنجامەی كە بڵێت ئاینیش، بەتایبەتی چەمكی یان بیرۆكەی خودا و ئازادی ئیرادەی مرۆڤ، هەڵگری كاراكتەری ئاپیریۆرین و رای وایە كە بوون یان نەبوونی خودا ناتوانین بە ئەقڵ بسەلمێنین، چونكە هەردوو بۆچوونی سەلماندنی بوونی خودا یان نەسەلماندنی بوونی خودا، دەكەونە سەرووی مەودای ئەقڵ و زانستەوە. بەڵام ئەقڵیش بەبێ ئەم چەمك و بیرۆكانە هیچ بنەمایەكی بۆ نامێنێتەوە بۆئەوەی مەعریفەی خۆی لەسەر دامەزرێنێت. بۆ نمونە بیرۆكەی خودا خۆرسكانە بەردەوام لەگەڵ ئەقڵدا هەڵدەقولێت و ناتوانین بیچەپێنین. هەروەك سەلماندنی بوونی ئیرادەی ئازاد لەرێگەی ئەقڵ و ئارگۆمینتی زانستیەوە بۆ مرۆڤ سەختە، هەرواش سەلماندنی بوونی خودا سەختە.

كەواتە بۆ هەر گوتارێك دەربارەی خوداو ئازادی ئیرادەی مرۆڤ، دەچینە دەرەوەی زانست و دەكشێین بەرەو ئەخلاق (ئیتێك)[1]. چونكە وەك كانت دەڵێت، ئەخلاق ناچارمان دەكات بوونی خودایەك بسەلمێنین، هەروەك چۆن ئیرادەی ئازاد بەهاو مانا بە ئەخلاق دەبەخشێت.

---

1- Richard Schacht, *Classical Modern Philosophers*, London, 1993, p. 225.

### 3. ئاخۆ ئەو زمانەی کە ئاین بەکاریدەهێنێت واتا بەخش بێت؟

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە مەعریفەی زانستی سروشتی، بووە تاکە پێوەر و مۆدێلێك بۆ گشت مەعریفەیەك. تەنانەت ئەقڵگەراییش دەبوایە لەو پێوەرەدا جێگە بۆخۆی بکاتەوە. واتە مەعریفەی ئاینی هیچ جۆرە پێگەیەکی لەو نێوەندەدا بۆ نەمایەوە. ئەم بۆچوونە زانستیە ناوی لۆژیکی ئیمپیریسمی لێنرابوو کە تیایدا گشت مەعریفەیەك دەبێت خۆی لە چوارچێوەی دیتن و سەرنجی مرۆڤدا ببینێتەوە و دەشبێت بکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەوە، دەنا ناچێتە ناو پێوەری زانستیەوە. پاشان ئەم بۆچوونە گۆڕانی بەسەردا هات، مرۆڤ گەشتە ئەوەی کە بڵێت، گەر ئەو مەعریفەیە بتوانێت مانابەخش بێت، ئەوا دەتوانرێت بە مەعریفەیەکی دروست بناسرێت. لەم بۆچوونەدا جارێکی تر ئاین توانی رۆڵی گرنگی خۆی وەرگرێتەوە، چونکە زمان و تێرم و چەمکەکانی بەکارهاتووی ناو ئاین ماناو ئاراستەیەك بۆ ژیان دەسازێنێت[1].

مرۆڤ بوونەوەرێکە هەر بەتەنها ناتوانێت شت بزانێت و ئیدی لەوێدا بوەستێت، بەڵکو دەیەوێت ئەوەش بزانێت کە دەبێت چی بکات. بەم پێیە، مرۆڤ هەڵگری دوو کاراکتەری بنەڕەتیە، کە یەکەمیان زانینە و دووەمیان کردەیە. لە کاراکتەری یەکەمیانەوە ئەقڵگەرایی و زانست پەیدا دەبێت و لە کاراکتەری دووەمیانەوە رێگەی ژیان و ئاین سەرهەڵدەدات. واتە یەکەمیان وەسفی شتەکان دەکات و فایتەکان ئاشکرا دەکات، وەلێ دووەمیان رەچەتەمان دەداتێ و بەهامان پێشکەشدەکات. بەمپێیە بێت بنەڕەتی ئاین، بنەڕەتێکی رەوشتی و مۆراڵییە، نەك شرۆڤەکرنی فایتێك بێت. بۆیە جیاوازی نێوان زانست و ئاین، جیاوازی نێوان (هەیە) و (دەبێ)یە. لەبەر هەمان هۆ، دەبێ ئاین لە گۆشەنیگای بەهای کۆمەڵایەتیەوە بخوێنرێتەوە، نەك لە گۆشەنیگای ئەقڵانیەتەوە.

1- Michiel Leezenberg, p.45.



لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەقڵگەرایی زانستی سروشتی، کە بە سەیەنتیسم (زانستگەری) ناسراوە و مەعریفەی ئەزموونی کە بە هێرمۆنەتیك (لێکدانەوە) ناسراوە، لەوە تێدەگەین کە زانستگەری و ئەزمونگەری، دەرگایان لەسەر یەکدی داخستووە و واتێدەگەین کە ئیدی بەیەکدی ناگەن. **ئاخۆ دەبێت رێچکەیەکی تر نەبێت کە بتوانێ ئەم دوو بۆچوونە یەکبخات و لەیەکتر تێبگەن و نزیکی لەنێوانیاندا بێتە ئاراوە؟** لەراستیدا رۆڵی زانستی سروشتی لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، هەرگیز ناتوانین فەرامۆشی بکەین. رەنگە ئەزمون (تاقیگەیی) سەرەتای دەستپێکردن بێت بۆ لێکدانەوەی زانستی و گفتوگۆی ئەقڵی، وەلێ دوا هەنگاو نیە. لەم بوارەدا فەیلەسوفی ئەمەریکی (چارلس تایلۆر) ئەسپی خۆی بەچاکی تاوداوە.

لەمەودوا هەوڵدەدەین ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە لەبواری ئاییناسیدا کراوە و گفتوگۆی هەندێ لەو زاناو فەیلەسوفانەی بۆ ناسینەوەی دیاردەی ئاین ئەنجامیانداوە، بخەینە روو، لەپێشدا بەبۆچوونەکانی تایلۆر دەستپێدەکەین.

### چارلس تایلۆر

تایلۆر باوەڕی بەوە نیە کە سەرچاوەی ئاین وەك فەیلەسوفەکانی مۆدەرنە دەڵێن، بەگشتی ئەزمونێکی تاکگەرایی و خودی و ناوەکیی بێت، هەرچەندە ئەمجۆرە ئەزمونەش دەکاتە بنەڕەت و چاوگی بوونی ئاین. تایلۆر پێی وایە کە سەرچاوەی بوونی ئاین، کۆمەڵە و بەتایبەتیش زمانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێیدەدوێت. ئەو دەڵێت ئەگەر کۆمەڵێك نەبێت سرووتەکانی ئاینێك جێبەجێبکات، زمانێك نەبێت ئەو ئاینە خۆی پێبناسێنێت، ئاین دەرناکەوێت و دروستیش نابێت. تایلۆر ئەوە رادەگەیێنێت، کە ناساندنی ئاین وەك کاراکتەرێکی تاکگەرا و هەڵگری هەستێکی ناوەکی و وەك ئەزمونێکی

سۆزگەرا، ئەوە دیدو تێروانینی مۆدەرنەیە بۆ ئاین و خواستی فەیلەسوفەکانی مۆدەرنەیە، نەك دەرەنجامی مەعریفەیەکی پتەو بوو بێت.

تایلۆر دەڵێت ئەم بۆچوونە راستێتی تێدایە، بەڵام یەك لایەنەیە، چونکە ئەوان ئەوەیان لەیاد چووە دیاردەکە بە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەوان بۆیدەچن. لەبەرئەوەی ئاین لەناو کۆمەڵگە و دەزگا ئاینیەکانەوە سەردەردێنێ و پەرەدەسێنێت، نەك لە دەرەنجامی تاکگەرایی و سۆزگەراییەوە بێت. ئەو ئەوەش ئاشکرا دەکات کە راستە گشتمان ئەو هەستە ناوەکی و ئەزمونە رۆحیەمان هەیە و دەرکی پێدەکەین، وەلێ گەر لە کۆمەڵگە بڕوانین، هێشتا زۆرێك لە دەزگا ئاینی و کەنیسە و مزگەوت و پەرستگاکان، کاریگەریان بەسەر ئایندارى مرۆڤەکانەوە هەیە. لەگەڵئەوەشدا چاوپۆشی لەوە ناکرێت کە رۆحی تاکگەرایی ئاینداری تەشەنەی کردووە و لە ئاینی بەدەزگاکراو جیادەبنەوە و سەربەخۆیانە و ئازادانە رێبازی ئاینی خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەو قەناعەتەشی هەیە کە لەمرۆکەدا دەسەڵاتێکی سیاسی تایبەت نەماوە، بتوانێ ئاینێکی تایبەت بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت[1].

هەرکاتێ مرۆڤ تیشك بخاتە سەر کۆمەڵگە لە کاتی دیاریکردنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا، بەناچاری دەبێت تیشکیش بخاتە سەر بەها لە ناو کۆمەڵگەدا. بەهای کۆمەڵایەتی بەندە بە کۆمەڵێك داب و نەریت کە لەناو کۆمەڵگەدا دەبێتە باو، هەر کۆمەڵگەیەکیش بە داب و نەریتێکی تایبەت بەخۆی دەناسرێتەوە کە پێیدەڵێن کولتوور. گومان لەوەدا نیە کە دیاردەی ئاینیش لەم رێسایە بەدەر نیە. لەم گۆشەنیگایەوە کە لە ئاین دەڕوانین واتە گۆشەنیگای کولتوور، ئەوە ئاشکرادەکات کە ئاین لە ژێر کاریگەری کولتووردا بێت. بەڵام

1- Charles Taylor, Wat betekent religie vandag, Pelcknans, 2003, p. 97-101.



ئەمە ئەوە ناگەینێت کە ئاین بەتەنها لە کولتووردا کورت بکەینەوە، چونکە ئاین وەك لەوەو پێش گوتمان، توخمی تری لەخۆ گرتووە[1].

## 15. ئاین و کولتوور

سەبارەت بە ئاین و کولتوور گفتوگۆی زۆر کراوە و ئەو پرسیارەش زۆر وروژێنراوە، ئاخۆ ئاین و کولتوور چۆن سەریان هەڵداوە و کامیان سەرچاوەن بۆ کامیان. سەرباری ئەمەش سرووت و ئەفسانەش خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بەسەرچاوەی ئاین و کولتوور ژمێردراون. گفتوگۆ لەمەڕ ئەم بابەتە چەند بۆچوونێکی خولقاند و چەندین قوتابخانە بۆ شرۆڤە کردنی دیاردەی ئاین لە نێوەندی زانستە مرۆییەکاندا پەیدا بوون: وەك قوتابخانەی پەرەسەندن، قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی و قوتابخانەی سایکۆلۆژی. ئەم قوتابخانانە پرسیاری سەرەکیان ئەوەبوو: **ئایا ریشەی ئاین و کولتوور بۆ ئەفسانە یان بۆ سرووت دەگەڕێتەوە؟** لەو بوارەشدا بۆچوونی جیاواز سەریهەڵدا:

### قوتابخانەی ئەفسانە و سرووت

چەند قوتابخانەیەك ناسراو بە قوتابخانەی ئەفسانەو سرووت، پێیان وابوو کە سرووت چاوگی سەرەکی سەرهەڵدانی ئاین و کولتوورە. بەڵام قوتابخانەی فینۆمینۆلۆژیای ئاین بۆ ئەوە دەچن کە ئەفسانە سەرچاوەی ئاین و کولتوور بێت. لەهەمان کاتدا رێبازی سایکۆئەنالیستی باوەڕیان وایە کە ئەفسانەو سرووت پێکەوە دەبنە سەرچاوەی ئاین و کولتوور[2].

1- Michiel Leezenberg, p.59.

2- Catherine Bell, *Ritual*, Perspectives and Dimension, Oxford, 1997, p.3.

زانایانی ئەو بوارە، وەك میتۆلۆژیست فریدریش ماکس مۆلەر (1823- 1900)، فۆلکلۆریست ئەندریە لانگ (1844- 1912) و ئەنترۆپۆلۆژیست ئیدوارد.ب. تایلۆر (1844- 1917) ئەو بۆچوونانەیان رەتکردەوە کە پێیان وابوو ئەفسانە تێگەیشتنێکی هەڵە بێت. بەڵکو ئەمان ئەفسانەگەرییان بە هەوڵێکی فەلسەفیانە لەقەڵەمداوە بۆ شرۆڤەکردن و ناساندنی بوون و ژیان. ئەم زانایانە ئەفسانە وا لێکدەدەنەوە کە هەوڵێك بووە بۆ تێگەشتن لە دونیا و شرۆڤەکردنی دیاردەکان. باوەڕیشیان بەوە هەیە کە ئەفسانە کارێکی هەڕەمەکی و شێتانە نەبووە[1].

بەبۆچوونی ئەوان چاکتروایە ئەفسانە وەك بەرهەمێکی گرنگی ئەقڵی سەردەمی مرۆڤی سەرەتایی بخوێنرێتەوە. ئەم بۆچوونە باوەڕی بە پەرەسەندنی کۆمەڵگە هەیە سەبارەت بە گەشەسەندنی مرۆڤایەتی لە قۆناغی مرۆڤێکی منداڵەوە بەرەو مرۆڤێکی شارستان. ئەم بۆچوونەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان وایدەبینن تاوەکو ئێستاش لە ناو ئاینەکانی ئەم سەردەمەشدا پاشماوەی ئەو جۆرە لێکدانەوانە ماون. (ب.تایلۆر) باوەڕی بەوە هەیە کە ئەفسانە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دامەزراندنی ئایندا. وەك ئەو بۆیدەچێت ئاین لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی خەوتن و مردن.

مرۆڤی سەرەتایی ئەو ئەزمونەیان وا بینیوە کە جگە لەجەستە، شتێکی تری جیا، هەروەك چۆن لە کاتی خەوتندا دەبینرێت، هەبێت. لەپاش مردنیش جەستە لەناودەچێت و ئەو بەشەش کە ناوی رۆحی لێنراوە، هەر دەمێنێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، رەنگە بەباوەڕی ئەو مرۆڤانەی سەردەمی کۆن، هەمان رۆح لە ناو شتەکانی تری وەك رووەك و گیانلەبەریشدا هەبێت. ئەو تیۆریەی ئەم بۆچوونە شرۆڤە دەکات، ناوی تیۆری ئەنیمیسمی لێنراوە. ئەم وشەیە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی کۆنی گریکی بەناوی ئەنیما واتە رۆح[2].

1- Catherine Bell, p.4.
2- Catherine Bell, p.4.



ویلیام رۆبۆتسۆن سمیت (1846- 1894) زمانەوان و تەوراتناس، بەهەمان شێوەی تایلۆر، بۆچوونی پەرەسەندنی بیری ئاینی هەڵبژارد. وەلێ (سمیت) لەدەرکەوتنی دیاردەی ئاین و کۆمەڵگەدا، لەبری چەمکی رۆح، پێشینەی بە سرووت بەخشی. ئاین بەبڕوای (سمیت) دەرەنجامی ئەو لێکدانەوەیە نەبووە کە بۆ ئەنیمیسم کراوە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو چالاکیانە بووە کە پەیوەندیەکانی کۆمەڵ پتەوو توندوتۆڵتر دەکاتەوە. واتە سمیت ئاینی وا نەبینیووە کە دەرەنجامی شرۆڤەی ئەفسانە بۆ سروشتی شتەکان بووبێت، بەڵکو لە سرووتدا بینیویەتەوە کە سرووت لە بنەڕەتدا گوزارش بووە لە پەرستنی خودایەك کە لەو کۆمەڵگەدا رەنگی داوەتەوە. هەروەها ئاین چەند کردارو سەرنجدانێك بووە کە پەیوەندی بە خۆشگوزەرانکردن و پاراستنی کۆمەڵگەوە بووە، نەك بۆ پەرستنی ئەنیما بووبێت. بۆیە سمیت بڕیاری ئەوە دەدات کە سرووت سەرچاوەی ئاین بێت نەك ئەفسانە. بەبۆچوونی ئەو سرووت دیاردەیەکی جێگیرەو ئەفسانە گۆڕانی بەسەردا دێت، سرووت ئەرك و فرمانە، بەڵام باوەڕ لەناو ئەفسانەدا حوکمەو هەڵسەنگاندنە. سمیت و هاوڕاکانی لەسەرئەوە یەکدەنگ بوون، کە سرووت مۆدێلێکی جیهانیە و بۆ ئەوە دامەزراوە کە ببێتە سیمبۆل لە نێوان خودا و مرۆڤدا، ئەو خودایەی پیت و بەرەکەتی دنیای بەدەستەوەیە[1].

## قوتابخانەی فینۆمینۆلۆژیا

هەندێ لە فینۆمینۆلۆژیستەکان بەتایبەتی رۆدۆلف ئۆتتۆ (1869- 1937) دەڵێن ئاین دیاردەیەك نیە بخرێتە خانەی وەهم و خەیاڵەوە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی هەقیقیە. بۆیە داوا لە لێکۆڵەران دەکات کە لەبری ئەزمونی (پیرۆزگەری- the holy ) یا ئەزمونی (ئەویدی رەها-wholly other) بەکاربێنین.

1- Catherine Bell, p.4-5.

هەندێ فینۆمینۆلۆژیستی دیکە، گەشتنە ئەو باوەڕەی کە بۆچوونی پەرەسەندن و بەراوردی ئاینەکان، ناتوانێ بنەڕەتی ئاین بە ئێمە بناسێنێت و ناتوانین لەو رێگەیەوە واتە لەو پرسیارەوە: **ئایا سرووت یان ئەفسانە، کامیان سەرچاوەی کامیانن؟** چاوگی ئاین دیاری بکەین. بەڵام هەندێکی تر باوەڕیان وابوو گەر بواری ئایینناسی بکەینە دوو بواری جیاوازی لێکۆڵینەوە، رەنگە بگەینە ئەنجام لەناسینی بنەڕەت و گەوهەری ئاین، ئەو دووبوارەش: بریتین لە ناسینەوەی ئەو توخمانەی کە پێکهاتەی گشتی بنەڕەتی ئاین بەهۆیەوە سەرهەڵدەدات و بەراوردکردنی ئاین لە ناو مێژوودا و بەستنەوەی بە ئاینەکانی سەردەم و دیتنەوەی ئەو پێکهاتانەی کە تا هەنوکەش لە ناو ئاینەکاندا دەبینرێنەوە. فینۆمینۆلۆژیستەکان بەگشتی گەشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئاین بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژی (وجودی) هەیە و پەیوەستە بە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤەوە، بۆیە دەوترێت مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاینیە[1].

لەو کاتەی کە سرووتناسەکانی سەر بەقوتابخانەی سرووت و ئەفسانە، گوتاریان سەبارەت بەناسینی بنەڕەتی ئاین بریتی بوو لە تەنها رێگەی مۆدێلی سادەی پەرەسەندن - مێژوو، کە بیکەنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی گشت سرووتەکان، ئەفسانەکان و کولتوورەکان، کەچی فینۆمینۆلۆژیستەکان رێگایەکی ئاڵۆزیان گرتەبەرو بەو مۆدێلە سادەیەی قوتابخانەی سرووتناسی سەبارەت بە مێژووی گەردوونی بوونی ئاین قایل نەبوون. ئەوان باوەڕیان بەوە هەبوو کە دەبێ سەرهەڵدانی ئاین پەیوەندی بە پیرۆزییەکەوە هەبێت. لەهەمانکاتیشدا بەلایانەوە گرنگ نەبوو، ئەو پیرۆزگەرییە لە (کوێوە) یان لە (کێوە) سەرچاوەی گرتووە، یان چۆن لە هەستی مرۆڤ خۆیەوە هەڵقولابێت. گرنگ ئەوەیە کە ئەو مۆتیڤە (پاڵنەر)ی ئاین دەخولقێنێت لە ناخی مرۆڤ خۆیدا هەیە و لە کاتی سەرهەڵدانی ئایندا ئەو مۆتیڤە لە ناخی مرۆڤدا کاریگەری دەبێت[2].

1- Catherine Bell, p.9.
2- Catherine Bell, p.10-11.



مەرسیا ئەلیادە (1986- 1907) یەکێکە لە بەناوبانگترین فینۆمینۆلۆژیستەکان، کە بایەخێکی زۆر بە ئەفسانەو سیمبۆڵ دەدات و پێشینە بەوان دەبەخشێت نەك بە سرووت، ئەگەر چی دەسبەرداری سرووت نابێت بەیەکجاری و گرنگی ئەویش دەخاتە پێشچاو. ئەلیادە دیاردەی ئاین وادەخوێنێتەوە کە لەسەرەتادا کاراکتەری سرووت و ئەفسانە جیادەکاتەوە و سرووت وەك دیاردەیەکی جێگیر دەناسێنێت و ئەفسانەش هەڵگری کاراکتەرێکی گۆڕاوەو لای ئەو هەر ئەفسانەش سەرچاوەی ئیلهام و مانەوەی دیاردەی ئاینە. بە بۆچوونی ئەلیادە سرووت گێڕانەوەی ئەو کردارانەیە کە خودا کردونی و مرۆڤ بە سرووت دووبارەیان دەکاتەوە، واتە سرووت دوبارەبوونەوەی دروستکردنی بوونەوەرە کە یەکەمجار خودا دروستی کردووە و دووەمجاریش مرۆڤ وەك لاساییکەرەوەی خودا دووبارەی دەکاتەوە[1].

ئەلیادە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاینگەرە. ئەو پێیوایە بۆئەوەی مرۆڤی ئاینگەر بناسین، بەلانی کەمەوە پێویستمان بە پێشخستنی مەعریفەمانە دەربارەی هەموو ئەو گۆشەنیگایانەی مرۆڤ دەناسێنن. ئەلیادە لەوەش دڵنیایە، کە مرۆڤ گیانلەبەرێکی ئاینی بووە و ئەو شوێنەوارە ئاینیەشی بۆ مرۆڤی ئیمرۆش جێهێشتووە. بۆیە ئەو دەڵێ، ئاین هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە وەك مۆدێلێك بۆ هێنانەبوونی مرۆڤ بەکارهاتووە و ئەم کاراکتەرەش لە مرۆڤدا رەگی داکوتاوە. لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە مرۆڤ هەمیشە چاوی لە هەقیقەتێکی رەهای پیرۆز بڕیوە، کە دەکەوێتە ئەو دیو بوونەوەر. لە راستیشدا ئەو هەقیقەتە هەر لەم بوونەوەردا خۆی مانیفێست دەکات. مرۆڤیش لە تێکۆشانی بەردەوامدایە تا ئەو هەقیقەتە بخاتەڕوو، هەر لەو رێگەشەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی بهێنێتە بوون. ئەلیادە دەڵێت، ئاینگەری ئەو ئەزمونەیە کە

1- Catherine Bell, p.11.

دەیەوێت جارێکی تر ئەو گەردوونەی خودا دروستیکردووە، مرۆڤ لە ڕێگەی سیمبوڵ و جموجوڵی تایبەتیەوە بیخاتەوە گۆ. بەم کارەی مرۆڤ هەست دەکات لە خودا نزیك دەبێتەوە و ئاسوودەیی پێدەبەخشێت[1].

## مرۆڤی سێکیۆلێر لە چاوی ئەلیادەدا

لێرەدا ئەلیادە دەپرسێت ئاخۆ مرۆڤی مۆدەرنە و مرۆڤی سێکیۆلێر، کە خۆیان وانیشاندەدەن، گوایە ئەوان کاراکتەری ئاینیان بەتەواوەتی توڕداوە و بەیەکجاری خۆیان لەو ئەفسانەیە خاوێنکردۆتەوە؟ ئەو دەڵێت نەخێر، لەبەر هیچ نەبێت، لەبەرئەوەیە کە مرۆڤی ئیمرۆکە درێژکراوەی مرۆڤی دوێنێکەیە. مرۆڤی سێکیۆلێر نەیتوانیوە لەو خۆزگانەی باوانی کە ئاینگەرا بوون، قورتار بێت. مۆتیڤی ئاینی لەناو مرۆڤی مۆدەرنەدا بنەبڕ نەبووە و تا هەنوکەش کاریگەری لەسەر مرۆڤ ماوە. ئەلیادە باوەڕی وایە کە مرۆڤە بێئاینەکانیش لەو ئاکارە ئاینیە بێبەری نین، وەلێ بەخۆیان نازانن.

بەبۆچوونی ئەلیادە مرۆڤی مۆدەرنە، هەر لەبەرێکردنی سەریساڵی نوێ و کەرنەڤاڵەکانەوە، تا دەگاتە مەراسیمەکانی ژنخواستن و لەدایکبوونی منداڵ و یادی لەدایکبوون، بە ئاکارو رەفتاری ئاینیدا تێپەڕدەبێت. تەنانەت مارکسیسم لەو رێسایە دەرباز نەبووە، کاتێ چەمکی میتۆلۆژی و چەمکی ئەفسانەی وەك وشەی کۆتایی ژیان یان کۆتایی مێژوو بەکاردەهێنێت[2].

ئەلیادە دەڵێت، مارکس گرنگترین چەمکی میتۆلۆژیای قیامەتی لە ئاینەوە وەرگرتووە، کە لە پرۆلیتاریادا (چینی کرێکار) دەیبینێتەوە. لەبری

1- Mircea Eliade, *The Sacred and the Profane*, The nature of religion, London, 1987, p 201-203.

2- Mircea Eliade, p. 205.



چەمکی رزگارکەر، مەسیح، هەڵبژێراو، بێگوناه و پەیامبەر، مارکس چەمکی چینی کرێکاری هێناوەتە ئاراوە. واتە ئەوە پرۆلیتاریایە، لە بری مەسیح کە بەئازار و ئەشکەنجەکانی خۆی، مرۆڤایەتی قورتار دەکاو دادگەری وەدی دەهێنێت و دۆخی ئەنتۆلۆژیای گەردوون دەگۆڕێت.

ئەلیادە دەڵێت ئەم بۆچوونەی مارکس کە دەیەوێت کۆمەڵگەیەکی بێچین و مێژوویەکی بێگرژی بخاتە روو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی سەردەمی زێڕین. ئەو ئەفسانەیەی کە لە پشت گشت کولتوورێکدا دەبینرێتەوە. سەردەمی زێڕین، ئەو سەردەمەیە لە مێژوودا، کە مرۆڤ لەوپەڕی خۆشی و ناگرژیدا ژیاون کە هەندێك بە کۆتایی مێژوو ناوی دەبەن، بۆ هەمان دۆخی ئاسوودەیی و بێململانێ دەگەڕێتەوە. ئەلیادە پێیوایە ئەم جۆرە بۆچوونانە، مارکس لەئەفسانەی بیری مەهدیەتی ئاینی مەسیحی و یەهودیەوە وەریگرتووە. بیرۆکەی مەهدی لەناو ئیسلامیشدا بیرۆکەیەکی نامۆ نیە و رەنگە لە ناو زۆربەی ئاینەکاندا ئەم بیرۆکەیە ئامادەیی هەبێت.

مارکسیسم لە لایەکەوە رۆڵی پەیامبەرێتی و رزگارکردن و لەلایەکیترەوە دواململانێی نێوان چاکەو خراپەی بە پرۆلیتاریا سپاردووە. مارکس کاتێ کۆتایی رەها بۆ مێژوو دیاریدەکات، ئەوە دەردەخات کە چۆن ئایدیۆلۆژیای مەسیحی و یەهودی وەك ئەفسانەی دوا ئومێدو دوا هیوا دەخاتە گەڕ. لێرەدا مارکس لەناو فەلسەفەی مێژودا خۆی لە فەیلسوفەکانی دی جیادەکاتەوە، کە باوەڕیان وایە هەرگیز لە ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆتایی بە گرژی نایێت.[1]

ئەلیادە هەر نەك مارکس بەنمونە دەهێنێتەوە، بەڵکو ئەو بزاڤانەش کە بانگەشەی ئازادی رەها بۆ سێکس دەکەن، ئایدیۆلۆژیایەکە بەبۆچوونی ئەو، دەگەڕێتەوە بۆ نۆستالۆژیای بەهەشت. خۆزگەیەکە دەیەوێت فیردەوسێك

1- Mircea Eliade, p.207.

دامەزرێنێتەوە کە لەپێش گوناهی یەکەمی ئادەم و حەوادا بووە و بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی کە هێشتا گرژی لەنێوان جەستە و ویژداندا پەیدانەبووە. تەنانەت ڕێبازی دەروونشیکاری لای ئەلیادە جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ میتۆلۆژیای چەمکی سەرەتا، چونکە داوا لە نەخۆشەکە دەکرێت کە بەقوڵی بەناخی خۆیدا شۆڕبێتەوە، تابتوانێ رابردووی خۆی لە خۆیدا زیندووکاتەوە و دووبارە رووبەڕووی ئەزمونی کارەساتاوی خۆی بێتەوە.

بۆیە ئەلیادە دەڵێت سەرتان سوڕ نەمێنێت، گەر بڵێم کە مرۆڤی مۆدەرنە پڕە لە رەفتار و ئاکاری ئاینی، چونکە درێژکراوەی مرۆڤی دوێنێکەیە و لە باوانی دانەبڕاوە و نە بۆتە یەکپارچە ئەقڵانی و لە ئەفسانەکاری بەتەواوەتی نەشۆردراوەتەوە، مرۆڤی لەوجۆرە خاوێن لە رابردووی بێئەفسانە، خەون و وەهمە. وەك ئەلیادە دەڵێت گشت مرۆڤێك بەرهەمی چالاکی هەست و ئەزمونی نائەقڵانی خۆیەتی. ئەلیادە گرنگی ئاین لەوەدا دەبینێتەوە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکی بوونگەراییدا، ئاین وەك فریادرەسێك بەهانای مرۆڤایەتیەوە دێت و بوونێکی رەهای ترانسەندەتاڵ دەخاتە گۆو هاوکێشەی بوون دەگۆڕێت. کلاورۆژنەیەك دەخاتە ئەم گەردوونەوە و لەوێوە بەسەر دونیایەکی تردا لێیەوە دەڕوانێت و دەروازەیەکی دی بۆ رۆحی مرۆڤایەتی دەخاتە سەرگازی پشت، و بەسەر شتی کەسی و تاکگەراییدا بازێکی بڵند بەمرۆڤایەتی دەدات. [1]

رۆبرتسۆن سمیت لە لێکۆڵینەوەیدا سەبارەت بە پێشینەی سرووت بەسەر ئەفسانەدا، ئەوەی پێشنیار کرد کە لەکاتی سەرهەڵدانی رەفتاری کۆمەڵایەتیدا، پاڵنەرێکی نەستی بەهێز کاریگەری دەبێت. واتە سرووت وەك رەفتارێکی بەکۆمەڵ مەرج نیە بەئاگاییەوە وەدی هاتبێت، رەنگە لەو پاڵنەرە نەستیەوە روویدابێت کە دەیەوێت پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵ پتەوتر بکاتەوە. فرازەر و تایلۆر لە پێش فرۆیدەوە دەرکیان بەو پاڵنەرە نەستیە کردووە، کە پێیوایە ئاین پێشئەوەی توخمی سۆسیۆلۆژیای لەخۆگرتبێت، توخمی سایکۆلۆژیای لەخۆگرتووە.

سیگمۆند فرۆید (1856-1939) توانی تیۆری چەپاندن، چەمکی نەست و شیکاری دەروونی پەرەپێبدات. لەو رێگەیەوە توانی ئەو مەبەستە شاراوانەی کە لە دۆخی نەستیدان، شیکاتەوە و لێیتێبگات. فرۆید توانی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێت وەسوەسە کە دەمارەخانە بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێت و ئاین کە عەقیدەیەك بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێت، یەك جۆرە چالاکین. فرۆید پێیوایە کە هەردوو چالاکیەکە لەیەك میکانیزمی سایکۆلۆژیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەویش میکانیزمی چەپاندن و جێگرتنەوەیە. فرۆید لێرەوە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بڵێت عوسابیەت ئاینێکی تاکگەراییە و ئاینیش عوسابیەتێکی کۆمەڵگەییە. هەردوو دیاردەکە بۆ فرۆید لە حەزی سێکسیەوە سەرچاوەی گرتووە. [1]

سەرەڕای ئەوەی فرۆید کە بەم چەشنە دیاردەی ئاین دەناسێنێت، زانای تر هەن، هەر بەسوود وەرگرتن لە تیۆریەکانی فرۆید، لایەنی گرنگیبوونی ئاینیان بۆ مرۆڤ خستۆتە بەرچاو، یەکێك لەو زانایانە ناوی برۆنۆ بیتەلهایمە (1903-1990) ئەم زانایە ئەوەی روونکردۆتەوە کە چۆن سرووت بۆ پێکەوە گونجاندنی کۆمەڵگە و هەمانکات وەك رەچەتەیەك بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە بەکارهاتووە. تا ئەو رادەیەی کە زانایەکی وەك یوسف کامبیلّ (1904-1987) لەسەر بناغەی توێژینەوەکانی پێشخۆی، توانی چوار مەبەست بۆ سرووت دیاری بکات، کە رۆڵێکی گرنگی بۆ مرۆڤایەتی بینیووە، ئەوانیش ئەمانەن:

مەبەستی میتافیزیکی یان رۆحیگەری کە مرۆڤ بەهۆیەوە خۆی لەسنوری گەردوون وەدەر دەنێت و خۆی دەخاتە جیهانی خوداوەندەوە. مەبەستی

1- Mircea Eliade, p. 208-213.

1- Catherine Bell, p.12-13.

کۆسمۆلۆژی کە مرۆڤ تێدەگات بوونی خۆی لەم گەردوونەدا بێ هۆ نیەو ئەو مرۆڤ و گیانلەبەرانەی دەوروبەری گرنگی و بەهای خۆیان هەیە و سرووت سوپاسگوزاریەکە بۆ ئەو خودایەی ئەمانەی بۆ خولقاندووە. مەبەستی سۆسیۆلۆژی کە بەهۆی سرووتەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە ڕێکدەخات. مەبەستی سایکۆلۆژی بەهۆی سرووتەوە مرۆڤ بەلانی کەمەوە لە تەنهاییەك قورتار دەبێت، چونکە خودایەك گوێی لێدەگرێت و ئاگاداریەتی.[1] هۆی مانەوەی سرووتەکان لەکۆمەڵگەدا ئەم مەبەستانەی لەپشتەوەیە و هێلانەوەی رابردووی مرۆڤ و یادەوەریەکانیشی لەناودایە.

## 16. ئاین وەک ئەزموون و مانا بۆ ژیان

ژیان بێکارەسات نیە، مایەی ئازارو ئەشکەنجەیە بۆ مرۆڤ و لەهەمانکاتیشدا مرۆڤ خۆی دەسەڵاتی بەسەر ئەو کارەساتانەدا ناشکێت. ئەمە وای لێدەکات کە هەمیشە بیر لەمانایەکی بڵندتر و فراوانتر لەم ژیانەدا بۆ بوون و مانی خۆی بکاتەوە. بۆ نمونە نەخۆشی، مردن، کارەساتی سروشتی، وا لە مرۆڤ دەکات کە بەرگریەکی رۆحی بۆ خۆی بخولقێنێت، تا بتوانێت بەرگەی سەختی ژیان بگرێت. هەر ئەمەشە وایان لێدەکات سرووتی تایبەتی بۆ بەجێگەیاندنی ئەو دیاردانەو بۆ دڵدانەوەی خۆشیان دابمەزرێنن، وەك نوێژ و تازێ و شتی دی، کە لەگشت کولتوورێکی سادە تا دەگاتە کولتوورێکی ئاڵۆز، ببینینەوە. لێرەدا چەند فەیلەسوفێك کە لەمەڕ ئاین و واتای ژیان، راوبۆچوونی تایبەتی خۆیان ئاشکرا کردووە، زۆر بەکورتی دەخەینە روو.

1- Catherine Bell, p.16.



### مارتن هایدگەر

مارتن هایدگەر، چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئیمرۆی مرۆڤە لەتەك دنیادا کە زانستیانە و تەکنەلۆژیانەیە، بە بەردی بناغەی مۆدەرنە دەستنیشاندەکات. ئەم چەشنە مامەڵەکردنە، هایدگەر ناوی دەنێت (لەیادکردنی بوون) چونکە بەبۆچوونی ئەو، مرۆڤی تەکنەلۆژیی لەتەك شتەکاندا ئامێرانە مامەڵە دەکات. بۆ نمونە مرۆڤ لە درەختێك وا دەڕوانێت کەتەنها سەرچاوەی میوەو سوتەمەنیە و هیچی تری لێبەدی ناکات. ئەو دەڵێت ئێمە ئەوەمان لەبیرچۆتەوە کە راستەوخۆ و هارمۆنیانە پەیوەندی بە سروشتەوە بکەین. هەندێجار گەشتۆتە ئەو بڕوایەی کە بڵێ فەلسەفەش ناتوانێ ئێمە لەم میحنەتە قورتار بکات، مەگەر خودا خۆی فریامان بکەوێت. هەوڵی هایدگەر ئەوە بووە کە فەلسەفەیەکی سۆفیگەریانە بێنێتە ئاراوە و خۆی لە زانست و فەلسەفە جیاکاتەوە.[1] ئەم تێڕوانینەی هایدگەر بۆ سروشت هەر بەتەنها رۆمانتیکی نیە، بەڵکو بنەمایەکی ئاینیشی بۆ گەردوون تێدایە. چونکە گەوهەری ئاین وەك هەندێ فەیلەسوف بۆیدەچن، خۆدورخستنەوەیە لە سەرقاڵی دونیا و خۆبەدورگرتنە لەو جەنجاڵەییەی، چونکە ئەو جەنجاڵیە وەك هایدگەر دەڵێت خۆ گچکە کرنەوەیە.

### هانس جۆرج گەدەمار

هانس گەدەمار یەکێکە لەو فەیلسوفانەی کە خۆی پەنا دەداتە بەر ئەو ڕێبازە زانستیەی ناسراوە بە (سەینتیسم)، ئەو زانستەی خۆی دەکاتە دەمڕاستی هەموو شتێك. سەینتیسم باوەڕی وایە کە ئەقڵی زانستی نەك تەنها تاقە ڕێگەی مەعریفەیەکی دروستە، بەڵکو پێشی وایە کە چاکترین ڕێگەیە بۆ مەعریفەی ئێتیك، کۆمەڵگە و پرسیارەکانی سیاسەتیش وەڵامدەداتەوە. لەبەرامبەر ئەم

1- Michiel Leezenberg, p.70.

بۆچوونەدا (هێرمۆنەتیك) سەریهەڵدا کە رای پێچەوانەی سەنتەسیسمی خستە ئاراوە. قوڵبوونەوەی گەدەمار لەم بوارەدا کردیە نوێنەری هێرمۆنەتیك لەناو فەلسەفەدا. ئەم رێبازە باوەڕی وایە کە مەعریفە لەسەر ئەزمون و لێکدانەوەی سەبژێکت (خود) وەستاوە نەك لەسەر ئەقڵی زانستی سروشتی. واتە مەعریفەی ئۆبژەکتی پێشوەخت خۆی لەسەر مەعریفەی سەبژێکتی بنیاد ناوە و مەعریفەی سەبژێکت رەسەنترە. ئەم رێبازە بەجۆرە بۆچوونە، مانا و واتا بە ژیان دەبەخشێتەوە. کاراکتەری بنەرەتی مرۆڤ خۆی وایە، پێش ئەوەی بتوانێ مەعریفە بەدەست بهێنێت، بوونەوەرێکی لێکدەرەوەیە و مانا بەشتەکان دەبەخشێت. [1] بۆیە لەم بۆچوونەدا دیسانەوە ئەزمونی ئاینی جێگەی خۆی دەکاتەوە و بەهایەکی تایبەتی وەردەگرێت، چونکە ئەزمونی ئاینی، ئەزمونێکی سەبژێکتی (خودی) رووتە و ناکەوێتە ژێر نەشتەری تاقیگاوە.

## 17. سیکۆلاریسم، مۆدەرنە و دەسەڵات

هەرکاتێ بمانەوێت لە فەلسەفەی ئاین بدوێین، ناتوانین کاریگەری ئاین لەسەر سیاسەت، بەتایبەتی دەسەڵات فەرامۆش بکەین. نەك هەر ئاین، بەڵکو وەك فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ دەڵێت گشت مەعریفەیەك دەمامکێکە بۆ دەسەڵات. لە پێش فۆکۆوە فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریك نیتچە هەمان بۆچوونی بووە. ئەم فەیلەسوفانە پێیان وابووە کە لەپشت گشت فۆرمێکی ئێتیکی و مەعریفەدا دەسەڵاتێك خۆی شاردۆتەوە و دەیەوێت خۆی بسەپێنێت، وەلێ ئەو دەسەڵاتە پێوستی بەشەرعیەتێکی ئێتیکی و مەعریفی دەبێت، بۆئەوەی مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات.

1- Michiel Leezenberg, p.69.



بەم بۆچوونە، ئاین جگە لە خواستێکی تری دەسەڵات چیتر نیە. لەهەمانکاتیشدا باوەڕیان وایە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستی و ئەقڵگەرایی و ئاستی هوشیاری کۆمەڵگە، وەك هەندێ فەیلەسوف دەڵێن، کاریگەری ئاین کەم دەبێتەوە و رۆڵی خۆی لەدەست دەدات. ئەم بۆچوونە باوەڕی بەپرۆسێسێك هەیە کە ناوی سێکیۆلاریسمی لێنراوە. ئەوان باوەڕیان وایە، سیکۆلاریسم دەمامکی ئاین هەڵدەگرێت و چیەتی ئاین، ئاشکرای دەکات.

سیکۆلاریسم واتە بەدنیایی کردن یان بە زانستیبوون. مەبەست لەوەیە کە شرۆڤکردنی دیاردەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی بێت نەك غەیبیانی. لە ناو پرۆسەی سێکیۆلاریسمدا چەمکی مۆدەرنەش دێتە ئاراوە، کە کۆششدەکات لەرێگەی زانستەوە، بەتایبەتی زانسە مرۆییەکان لە دیاردەی ئاین بڕوانێت. ئەو دوو فەیلەسوفەی لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاودا، فەیلەسوفی ئەڵمانی ماکس وێبەر (1864- 1920) و فەیلەسوفی فەرەنسی ئەمیل دۆرکایم (1858- 1917) بوون. ئەم دووانە باوەڕیان وابوو کە لەسەردەمی مۆدەرنەدا پانتایی ئاین لە کۆمەڵگەدا بەرەو دواوە دەکشێتەوە. چونکە بەهۆی پێشکەوتنی زانستیەوە شرۆڤە و مانای ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت و ت شرۆڤەکانی ئاین بۆ بوون و مانای ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت. پرۆسەی هەڵگرتنی دەمامکی ئاین، دۆرکایم ناوی دەنێت (ئەنۆمی) و وێبەریش ناوی دەنێت (لابردنی ئەفسون) لەسەر گەردوون. بەبۆچوونی توێژەران هەردوو بۆچوونەکە سەبارەت بە لێکدانەوەی دیاردەی ئاین نوێگەری بوون. ئەوان وا بەتەمابوون، ئاین لەسەردەمی نوێگەریدا بەگشتی خۆی ون بکات و لە کایەکانی ژیان بکشێتەوە، چونکە لای ئەوان ئاین وەهمێکی مرۆڤایەتی بووە. سەرەڕای ئەوەی کە زانستیان وەپێش ئاین خستبوو، بەڵام باوەڕیشیان وابوو، سەردەمی مۆدەرنە شتێکی پڕبەها و هێزێکی بەتینی شاراوەی لەدەستداوە. [1] مەبەستیان لەوەیە کە دیارە

1- Michiel Leezenberg, p.88.

ئەزمونی ئاینی ئەزمونێکی بەهادارەو لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو گەردوونە ئەفسوناویە، مرۆڤایەتیش ئەو بەهایەی لەدەستدابێت.

لە رۆژئاوا گفتوگۆ دەربارەی سیکۆلاریسم لە سێ فۆرمدا دەکرێت:

- دەسبەرداربوونی مرۆڤ لە کڵێسا. واتە لابردنی دەسەڵاتی ئاینی.
- پەرتبوونی دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە (سیاسی، حکومەت و ئابووری) و دەرهاتنی لە ژێر رکێفی کڵێسا.
- ئاین ئەزمونێکی کەسی و تاکگەرایە، سرووتی بەکۆمەڵ ناتوانێ ئەو ئەزمونە کۆنترۆڵ بکات.

لێرەدا هەوڵدەدەین سێ فەیلەسوف بە نمونە بهێنینەوە کە لەم بوارەدا واتە ئەزمونی مرۆیی، بۆچوونی خۆیان چڕکردۆتەوە.

## یۆرگن هابەرماس

هابەرماس فەیلەسوفی ئەڵمانی، لەتەك بۆچوونەکانی دۆرکایم و ڤێبەردا هاوڕایە کە بەکاریگەری ئەقڵگەرایی و پێشکەوتنی زانستیەوە، رۆڵی ئاین لە ناو کۆمەڵگەدا کز دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت ئێمە هەنوکە واین لەسەردەمی پۆستسێکیۆلاریسمدا و ئاین هەرماوە و بگرە دەشبوژێتەوە. ئەو باوەڕی وایە، ئاین مافی خۆیەتی مومارەسەی کاروباری خۆی بکات، بەمەرجێك ئاینێکی لیبراڵ و مۆدەرن بێت. واتە توند وتیژی بەکارنەهێنێت، دان بەدەستوری مەدەنیدا بێنێت و ملکەچی زانست بێت. ئەو بانگەشەی سیستەمێکی (دیموکراسی رۆشنگەری ئەقڵ دروست) دەکات، کە تیایدا خۆی لە ئاین بەدوور بگرێت، بەڵام ئاین نەکاتە دەرەوەی ئەو سیستەمە. [1]

1- Michiel Leezenberg, p.90.



## میشێل فۆکۆ

فۆکۆ دەپرسێت، ئاخۆ چ دەسەڵاتێك دەبێ لە ئاستی تاکدا دەسەڵاتێکی دروست و هەقانی بێت؟ هەروەها دەپرسێت، چ تاك و چ کۆمەڵ چۆن لەڕێگەی مەعریفەو دەسەڵاتی کۆمەڵگەدا دروست دەکرێت؟ فۆکۆ بۆیە ئەم پرسیارە دەخاتە روو، چونکە پێیوایە کە گرنگترین کاراکتەری دەسەڵات کەمکردنەوەی ئازادی مرۆڤ نیە، بەڵکو بەرهەمهێنانی مرۆڤە بەو ئاراستەیەی کە خوازیاریەتی. واتە دەسەڵات ئەو دەزگایەیە کە دەرەنجامی ساڵانی پەروەردە، خێزان، کۆمەڵگە و قوتابخانە، فۆرمێکی تایبەت بە تاك دەبەخشێت. فۆکۆ ئەم پرۆسەیە ناو دەنێت دیسپلینەکردن. واتە ئەو مەعریفە وا نابینێت کە ئەقڵێکی رۆشنگەر بە تاك دەبەخشێت، بەڵکو دەسەڵاتێکی دیسیپلینکراو بەبەر مرۆڤدا دەکات. فۆکۆ گومانی لەوەدا هەیە کە زاتێکی سەربەخۆی ئازاد هەبێت، بەڵکو ئەوە سیاسەتی ئەقڵگەرای جۆراوجۆرە، کە زاتێکی تایبەت دەخولقێنێت. بەم بۆچوونەی فۆکۆ ئاینیش بەهەمان چەشنە، واتە جۆرێك لە مرۆڤی تایبەت پێکدەهێنێت. [1]

## ئەبراهام ماسلۆ

سەرەڕای ئەوەی کە نیتچە و فۆکۆ و هەندێ فەیلەسوفی دی باوەڕیان وایە کە ئاین دەمامکێکی تری دەسەڵاتە، بەڵام هەندێك فەیلەسوفی تری وەك ولیەم جیمس و ئەبراهام ماسلۆ، باوەڕیان وانیە کە ئاین دەمامکی دەسەڵاتێك بێت. ماسلۆ دەڵێت:

ئاین تەنها دەزگایەکی کۆمەڵایەتی نیە لە نێوەندی دەزگاکانیتردا، ئاین بەشێك نیە لە ژیان و لەبەشەکانیتری ژیان جیابکرێتەوە. بەڵکو دۆخێکی

1- Michiel Leezenberg, p.109-110.

رۆحیە، کەدەشێ لەگشت چالاکیەکانی ژیاندا بەدەست بهێنرێت، بەمەرجێك ئەو چالاکیە بگاتە ئاستێکی گونجاو لەکاملبوون. [1]

ماسلۆ ئەو ئەزمونەی سەرەوە ناودەنێت (ترۆپکە ئەزمون). بەبۆچوونی ماسلۆ ترۆپکە ئەزمون واتای بە سیکیۆلێرەکردنی ئەزمونی ئاینی، ئەزمونی سۆفیگەری یاخود ئەزمونی حالگرتن دەدات. دەیەوێت وردتر بلێت کە ترۆپکە ئەزمون تەنها ئەزمونی ئاینی ناگرێتەوە، بەلکو هەموو ئەو خۆراك و سوتەمەنیانەی کە گشت جۆرەکانی فەلسەفە و هونەرەجوانەکان و پەروەردە و تەنانەت سیاسەتیش خۆراك دەدات، دەگرێتەوە. ئەو دەلێت ئەو جۆرە چالاکیانە نەك هەرتەنها پێویستیان بە کلێساو مزگەوت و پەرستگاکان و ئاینێکی تایبەتیش نیە، بەلکو ئەو ئەزمونانە پێویستیان بە خوداوەند یان هێزی سەروسروشتیشەوە نیە، ئەوانە گشتیان ئەزمونێکی سروشتین.

پوختەی بۆچوونەکەی ئەوەیە کە ئەگەر ئەم گەشەسەندنە هزریە سێکیۆلاریزەکردنی گشت ئەو شتانە بێت کە ئاینین، ئەوا ئەمجارەیان ئەم گەشەسەندنە بەئاینیکردنی گشت ئەو شتانەیە کە سێکیۆلارین. لەهەمانکاتدا ماسلۆ بۆچوونی وایە کە ئەو زاناو فەیلەسوفانەی هێرشیان کردۆتە سەر ئاین، هێرشەکەیان بۆ سەر خودی ئەزمونی ئاینی، حالگەری و سۆفیگەری نەبووە، بەلکو هێرشکردن بووە بۆ سەر دەزگاکانی ئاین، کە ببوونە دەمامکی دەسەلات. [2]

ماسلۆ نەك هەر بەرگری لە ئەزمونی ئاینی دەکات و دەیخاتە ناو مەعریفەیەکی زانستیەوە، بەلکو ئەو بەپێچەوانەی ئەوانیدیەوە دەڕوات کە بەناوی زانستەوە، ئاین لە زانست جودا دەکەنەوە. ماسلۆ جیاکردنەوەی ئاین و

1- Abraham H. Maslow, Religie en topervaring, Rotterdam, 1974, p.9.

2- Abraham H. Maslow, p.10.



زانست بەمەترسیەکی مەزن بۆسەر مرۆڤایەتی دادەنێت. ئەو زانست و ئاین بە دوو رەگەزی جیاوازی وەك نێرومێ دەچوێنێت کە لەیەکتر دابڕانیان، پاسۆلۆژیای (نەخۆشی دەروونی) مرۆڤی لێدەکەوێتەوە. هەروەك چۆن دابڕانی نێرومێ لەیەکدی مرۆڤەکان دوچاری گرفتی دەروونی دێن، ئاواش ئاین و زانست هەردوك کۆلەوار دەبن، گەر ئەو جووتە لەیەکدی جیاکرێنەوە.

گومان لەوەدا نیە کە نزیکبوونەوەی یان نزیککردنەوەی ئاین و زانست لای ماسلۆ ئەو شێوازە ئایدیۆلۆژیە نیە کە ئیمڕۆکە ئاینداران پێوەی سەرقالن بۆ سەلماندنی بوونی خودا یان بۆ سەلماندنی کتێبێکی پیرۆز کە بە کەلامی حەرفی خودا و بەزمانی عەرەبی نێردراوە. ئەو شێوە ئایدیۆلۆژیەی کە بەهەق و ناهەق دۆزینەوە زانستیەکانی رۆژئاوا بۆ مەبەستی خۆیان دەگونجێنن، بێئەوەی هیچ جۆرە بنەمایەکی زانستی تێدا رەچاو بکەن.

گومان لەوەدا نیە کە ماسلۆ ئەو مەبەستەی نیە و ئەو هەر لەسەرەتاوە ئەوەی گوت، کە ئەزمونی ئاینی ئەزمونێکی سروشتیە نەك سەروسروشتی بێت. بەلام بەپێچەوانەشەوە ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیێنێت کە خودا یان هەقیقەتی بوون لە هاوکێشەی بیری مرۆڤایەتی وەدەرنرێت، نەخێر هەرگیز ئەو مەبەستە نادات بەدەستەوە. بۆیە دەبێت ئەو هاوکێشەیەی کە هەزاران سالە سەبارەت بە خوداو پەیوەندی خودا بە مرۆڤەوە و بەگەردوونەوە کە مرۆڤایەتی لەسەری راهاتووە، دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت. گرنگنیە بۆ ئێمە لێرەدا ئایا خودا وەهمی مرۆڤایەتیە یان هەقیقەتێکە، گرنگ ئەوەیە کە چەمکی خودا لەناو مرۆڤایەتیدا هەیە و کاریگەری هەیە و فرمانی تایبەتی خۆی بۆمرۆڤ دیاریکردووە گەر وەهم بێت یان هەقیقەت، دەبێت زانستیانە مامەلەی لەتەکدا بکرێت دەنا زیانمان پێدەگەیێنێت.

زۆربەی نەخۆشیە دەروونیەکان وەهمێکن لەمرۆڤدا کار دەکات، گەر بەگوێرەی زانستی دەروونی و لە گۆشەنیگای دەرونناسیەوە، مامەلەی لەتەکدا

نەکرێت، چ بەو مرۆڤ نەخۆشە خۆی بێت یان بە کۆمەڵگە بێت زایانێکی گەورە و زەرەرێکی کوشندە دەگەیێنێت. هەروەك سایکۆلۆژیا کەلێنی دەروونی مرۆڤ پڕدەکاتەوە، ئاینیش یان ڕێبازە ڕۆحیەکانیش ئاوەها کەلێنی ڕۆحی پڕدەکاتەوە. هەروەك تیۆلۆژ و فەیلەسوفی بوونگەرای ئەڵمانی پاوەڵ تیلەچ (1886-1965) دەڵێت لە مێشکی مرۆڤایەتیدا چەمکی خودا چاڵێکی خولڤاندووە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بەئاین نەبێت ئەو چاڵە پڕ نابێتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە کە راڤەکردنی ئەزمونی ئاینی یان دیاردەی ئاین وەك گشت دیاردە سروشتیەکانیتری مرۆڤ و گەردوون، هەرگیز مانای ئەوە نادات کە هەقیقەتێك لەپشتی ئەو دیاردانەوە یان ئەو ئەزمونانەوە نەبێت. هەروەك چۆن درەختێك بەزانستی کشتوکاڵی شیدەکرێتەوە و دەتوانی بەخوداوە یان هێزێکی سەروسروشتەوە نەیبەستیتەوە، یان نەخۆشیەکی دەروونی لە رێگەی دەروونناسیەوە بناسیتەوە، نەخۆشیەکی جەستەیی بەهۆی زانستی پزیشکیەوە روونبکەیتەوە، ئاوهاش ئەزمونی ئاینی وەك دیاردەیەکی سروشتی مرۆیانە راڤە و شرۆڤەبکەیتەوە. تێوەگلانی خودایەك بەهەموو ئەو کێشە و ململانێیانەی ژیان و مرۆڤایەتی لەلایەن باوەڕدارانەوە و بێنرخکردنی بوونی خودایەك لەپشتی ئەم هەموو رووداو و کارەساتانەوە، هەردووکیان نە بنەمای زانستی و نە بنەمای رەوشتیشی تێدایە.

بۆیە ماسلۆ دەڵێت سەرەتا و بنەڕەت و گەوهەر و گەردوونیبوونی گشت ئاینێك، دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونێکی تایبەتی رۆشنگەری کەسی و تەنهایی و حاڵگەری مرۆڤێکی زۆر هەستیار یان پەیامبەرێکە دامەزرێنەری ئاینێکە. هەنوکە ئەوە لە توێژەران ئاشکرابووە، کە سروشی یان رۆشنگەری سۆفیەك، بخرێتە خانەی (ترۆپکە ئەزمون)ەوە. دەیەوێت بەکورتیەکەی ئەوە بڵێت، کە ئەو



ئەزمونانەی رابردوو کە تەنها بە ناوو بە تێرمی سەروسروشتەوە دەناسێنران، هەنوکە دەتوانرێ بەهۆی زانستەوە شیبکرێنەوە.[1]

هەر لەم دیدەوە ماسلۆ پەیامبەران وا دەناسێنێت کە ئەوانە وەك رێکخەرێك یان یاسادانەرێك نین، بەڵکو کاراکتەری پەیامبەران، کاراکتەری مرۆڤێکی تایبەتن، هەروەك فەیلەسوفانیش تایبەتن، کە هەقیقەتی خۆی لەهەمبەر گەردوون، دونیا، ئێتیك و خودا پێکدێنێتەوە. بەکورتیەکەی ناسنامەی خۆی لەناخی خۆیدا جارێکیتر دەدۆزێتەوە. دۆزینەوەی ناسنامە و خۆناسینەوە هێزو متمانەیەکی پتەوو گڕوتینێکی باش بەو مرۆڤە دەبەخشێتەوە. ئەمە و جگەلەوەی کە پەیامیشی بۆ دروست دەبێت و لەپێناو گەیاندنی ئەو پەیامەدا، زۆر بەجدی تێدەکۆشێت. هەروەك فەیلسوف رێگەی بیرکردنەوە دیاریدەکات، پەیامبەریش رێگەی ژیان دیاریدەکات. ئەوەی لەم دوو رێگەیەدا مەترسیداربێت دۆگمابوون و چەقبەستوویی هەڵگرانیەتی کە بەر لەگۆڕان دەگرن و نایەڵن بەتایبەتی ئەزمونی ئاینی نوێ، بێتە کایەوە.

## 18. دەرەنجام

ئەو دەرەنجامەی لەم نووسراوەدا چنگمان کەوت، ئەوەبوو کە ئاین لە دیدی زانست و فەلسەفەوە ئەزمونێکی سروشتی مرۆییانەیە. ئەوەی ئێمە لێرەدا زیاتر تیشکمان خستەسەر فەلسەفەی ئاین بوو. واتە خوێندنەوەی بیروبۆچوونی هەندێ لەو فەیلەسوفە رۆژئاواییانەی کە گوتاری خۆیان لەسەر ئاین خستۆتە روو و لەوپێناوەشدا توێژینەوەی جدیان کردووە.

ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە ئاین وەك هەر دیاردەیەکی تری ئەم دنیایە دەتوانرێت لە رێگەی میتۆدی فەلسەفیەوە بخوێنرێتەوە، هەروەك چۆن درەختێك

1- Abraham H. Maslow, p.28.

بەرێگەی زانستی کشتوکاڵیەوە شیدەکرێتەوە، هەروەك درەخت گەشەدەکاو پەکی دەکەوێت، ئاوا ئاینیش گەشەدەکاو پەکیشی دەکەوێت. بۆشمان دەرکەوت کە فینۆمینۆلۆژیا ڕێبازێکی گرنگە بۆ ناسینەوەی ئەزمونی ئاینی.

لەوەش تێگەشتین کە ئاین هەروەك درەختەکە دووبەشی هەیە، ئەوانیش بەشی دیار کە زانستەکان دەیخوێننەوە و بەشی نادیار کە فەلسەفە واتە فینۆمینۆلۆژیا دەیخوێنێتەوە. ئەو زانستانەی بەشە دیارەکەی دیاردەی ئاین دەخوێننەوە، بریتین لە سایکۆلۆژیای ئاین، سۆسیۆلۆژیای ئاین، ئەنترۆپۆلۆژیای ئاین و مێژوو و بەراوردکاری ئاینەکانن.

ئەوەشمان بۆ ئاشکرابوو کە نەك هەر دیاردە ئاینیەکان، بەڵکو دیاردە نائاینیەکانیش کە خۆیان بە سێکیۆلێر دەناسێنن، پڕن لە توخم و بنەمای ئاینی. واتە ئەگەر ئاین ئەفسانە بێت یان هەڵگری توخمی ئەفسانەیی بێت، ڕەنگە هەرگیز مرۆڤ تا چەند پێشکەوتوو بێت و هزری تا ئەوپەڕی گەشەی سەندبێت، لە توخمی ئەفسانە قورتاری نەبێت. بەم مانایە نە فەیلەسوف و نە زانا کە گەشەسەندوترین توێژی کۆمەڵگەن، لەکاتی دارشتنی بۆچوونەکانیاندا ناتوانن لە توخمی ئاینی رزگاریان بێت هەروەك جیۆرج گیوسدۆرف دەڵێت. چونکە مرۆڤی ئەمڕۆکە، نەوەی مرۆڤی ئەفسانەیی دوێنێکەیە، وەك مەرسیا ئەلیادە دەڵێت.

ئەوەی ئەمڕۆکە بۆ ئێمە زۆر گرنگە و بایەخی هەیە، ئەوەیە کە هوشیارانە مامەڵە لەتەك ئایندا بکەین، گەر لایەنگری ئاین بیت یاخود ڕەخنەگر، دەبێت بابەتیانە ئەوکارە ئەنجام بدەیت، تاوەکو بتوانیت زانستیانە و فەیلەسوفانە بیربکەیتەوە.



## سەرچاوەکان:


1. Alister E. Mcgrath, Christian Theology, anintroduction, Black well, Oxford, 2007.
2. Abraham H. Maslow, Religie en topervaring, Rotterdam, 1974.
3. Azad Raouf, God van opgang tot ondergang, Nijmegen, 2007.
4. Catherine Bell, Ritual, Perspectives and Dimension, Oxford, 1997.
5. Charles Taylor, Wat betekent religie vandag Pelcknans, 2003.
6. Ella Wijsman, Psychologie en Sosiologie, Groningen, 1996.
7 . Michiel Leezenberg, Rede en religie, Amsterdam, 2007.
8. Mircea Eliade, the Sacred and the Profane, The nature of religion, London, 1987.
9. Ninian Smart, World Philosophies, London ،2000.
10. Paul Flapper, Wijsbegeerte & Spiritualiteit, Larooij, 2004.
11. Richard Schacht, Classical Modern Philosophers, London, 1993.
12. کەلامی ئەبەدی خودا لەکوێدایە؟ ئازاد قەزاز، سلێمانی، 2008